تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5955) چوارشەمە 17ی حوزەیران 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیاما بەهیداری یا سەرۆک بارزانی بۆ کۆچکرنا خودێ ژێ ڕازی (میر کامیران خێری بەگ)



دویڤێ سێشەمە 2020/6/16 سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی خودێ ژێ ڕازی (میر کامیران خێری بەگ) بلاۆکردوە، لە پەیامەکەی سەرۆکدا هاتووە "خودێ ژێ رازی میر کامیران کەسایەتییەکێ کوردپەروەر و وەلات پارێز و خودان سۆز و بەرکەڤتیێ مالباتا میران و کوردێن ئێزیدی بوو و ژ دەست دانا وی کەسەرەکا مەزنە". ئەمەش دەقێ پەیامەکەیە:

ب نالێ خودێ مەزن و دلۆڤان


ب خەم و کۆڤانەکا زۆر مە خەبەرێ وەغەرا داویێ یا (میر کامیران خێری بەگ) وەکیلێ میرێ ئێزیدیان ژ بۆ کاروبارێن ئایینی بهیست. خودێ ژێ ڕازی میر کامیران کەسایەتییەکێ کوردپەروەر و وەلات پارێز و خودان سۆز و بەرکەڤتیێ مالباتا میران و کوردێن ئێزیدی بوو و ژ دەست دانا وی کەسەرەکا مەزنە. ب ڤێ هەلکەفتا خەمگین سەرساخی و سەرەخۆشیێ ل میر حازم تەحسین بەگ و مالباتا میری و جڤاتا ڕووحانی و تەڤایا خوشک و برایێت ئێزیدی دکەین. ژ خودێ مەزن دخوازم کو سەبر و هەدارێ بدەتە کەس و کارێن ڕەحمەتی و هەمی کوردێن ئێزیدی و ڕوحا وی شاد بیت و جهێ وی بەهەشتا بەرین بیت.

مسعود بارزانی
2020 /6 /16

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی: حکوومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی جیددییە

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان گوتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری باشی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کردووە و زۆریش جیددییە لە جێبەجێکردنی. دەشڵێ: مانگی داهاتوو دەست بە جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت و ئێمەش چەندین تیممان بۆ چاودێریکردن پێکهێناوە. حاکم ئەحمەد ئەنوەر، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: کاری ئێمە چاودێریکردنی کەرتی گشتییە و هەر سەرپێچییەک هەبێت لە هەر بواردا، جا لە پلە بالاکان بێت یاخود خانەنشینی یان فەرمانبەران یانیش هەر پرسێکی دیکە، ئەرکی ئێمەیە بەدواداچوونی بۆ بکەین و لە یاسای چاکسازییشدا پێویستە ڕێکار وەربگیرێت دەرهەق بەو کەسانەی کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم یاساکەدا کە جێبەجێ بکرێت، ئێمە چەندین تیممان دروست کردووە و لە ڕێگەی نووسراوێکەوە گشتاندن بەسەر هەموو داموودەزگا حکوومییەکانیش دەکەین، بۆ ئەوەی هەر تیمێک لەوانە، چاودێریی پرسێک لە چاکسازی بکات و هاوکاری حکوومەت بێت، تیمیش هەیە تایبەتە بە خانەنشینی و هەیە تایبەتە بە پلەبەرزکردنەوە و هەشە تایبەتە بە پلە بالاکان. **زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە تاپۆکردنی زەوی کارت و یەکەکانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون دەکات





دویڤێ سێشەمە 2020/6/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە تاپۆکردنی زەوی کارت و یەکەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنانە کرد. لە کۆبونەوەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون. گفتوگۆ دەربارەی ئەنجامدانی جیاکردنەوەی زەوی پڕۆژەکان کرا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تۆمارکردنی زەوی نیشتەجێبوونی ئەو هاوواڵتیانەی کە بە شێوازی (کارت) لە شارەوانییەکان وەریانگرتووە، هەروەها تەواوکردنی مامەڵەی تاپۆکردنی یەکەکانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون کە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی لە سەر کرپاران بە فەرمی لە فەرمانگەکانی تاپۆ تۆمار بکرێن. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، بابەتی ڕێکخستنەوەی پارەی خزمەتگوزاری گوند و شار و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون تاوتوێ کرا کە پێویستە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت بە جۆرێک ئەم خزمەتگوزارییانە ڕێکبخرێن کە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان توانا و باری گوزەرانی هاوواڵتییان لە هەمانکاتدا پاراستنی کوالیتی خزمەتگوزارییەکان لە بەرچاو بگیرێت. لە کۆبوونەوەکە هەروەها گفتوگۆ کرا سەبارەت بە خێراکردنی ڕێکارە یاساییەکانی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زەویی‌یەکانیان داخلی نەخشەی بنەڕەتی شارەکان بووە و کۆژاندنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بەڵام تا ئێستاش قەرەبوویان وەرنەگرتووە.

هەرێمی کوردستان هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان خۆی و شارەکانی عێراقیش ڕاگرت

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە قەدەغەکردنی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێم بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، تا یەکی مانگی تەموزی داهاتوو درێژکراوەتەوە و هاوکات سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنیشی ڕاگرتووە بۆ هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا لە ئەمڕۆ سێشەمەوە تا یەکەمی تەموز، قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان درێژ بکرێتەوە.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی خستوتەڕوو کە سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنی لەو ماوەیەدا ڕادەگیرێت جگە لە نەخۆشی شێرپەنجە کە پێویستی بە چارەسەری هەیە و ئەو نەخۆشانەیشی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە و لەکاتی گەڕانەوەشیان پێویستە بەڵگەنامەی چارەسەری یان نەشتەرگەرییان پێبێت و بە پێچەوانەوە ڕێگایان پێ نادرێت.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



کۆنترۆڵکردنی داعش لە نەینەوا پێویستی بە هەماهەنگی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەیە

دوای ئازادکردنی پارێزگای نەینەوا لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە، دووبارە شانە نووستووەکانی داعش لەو پارێزگایە خەریکە سەرهەڵدەدەنەوە و ناوچەیەکی بەرفراوانیان لە باشوور و ڕۆژئاوای نەینەوا کۆنترۆڵکردووە و ڕۆژانە چالاکی چەکداری ئەنجام دەدەن. بەگوتەی نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شێروان دووبەردانی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵەکانی داعش پێویستی بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و گەڕانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە.

شێروان دووبەردانی لەبارەی ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای نەینەوا گوتی: ڕەوشی ئەمنیی لە شاری مووسڵ زۆر باشە و هێزە ئەمنییەکان لە ڕێی کامێرای چاودێرییەوە چاودێری شارەکە دەکەن و ڕۆژانە چەکدارەکانی داعش لە شانە نووستووەکان دەستگیر دەکەن کە لە ئێستادا بە سەدان ناوی چەکدارانی داعش بە وێنە و هەموو زانیارییەکانیانەوە لە بەردەستی هەوالگری عێراق دان و ڕۆژانە بە دوایاندا دەگەڕێن و دەستگیریان دەکەن.

زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

داوا لە خەڵک دەکرێت بە ماسک و دەستکێش خۆیان بپارێزن

کەمپینی نیشتمانیی دەستی بە دابەشکردنی ماسک بە سەر هاوواڵتیانی هەولێر کرد



هاوواڵتیانی دەڤەری سۆران پاڵپشتی لە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی چاکسازییدا دەکەن...

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی: حکوومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی جیددییە

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان گوتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاری باشی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کردووە و زۆریش جیددییە لە جێبەجێکردنی. دەشڵێ: مانگی داهاتوو دەست بە جێبەجێکردنی یاساکە دەکرێت و ئێمەش چەندین تیممان بۆ چاودێریکردن پێکهێناوە. حاکم ئەحمەد ئەنوەر، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند: کاری ئێمە چاودێریکردنی کەرتی گشتییە و هەر سەرپێچییەک هەبێت لە هەر بواردێکدا، جا لە پلە بالاکان بێت یاخود خانەنشینی یان فەرمانبەران یانیش هەر پرسێکی دیکە، ئەرکی ئێمەیە بەدواداچوونی بۆ بکەین و لە یاسای چاکسازییشدا پێویستە رێکار وەربگیرێت دەرهەق بەو کەسانەی کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم یاساکەدا کە جێبەجێ بکرێت، ئێمە چەندین تیممان دروست کردووە و لە رێگەی نووسراوێکەوە گشتاندن بەسەر هەموو دامودەزگا حکوومییەکانیش دەکەین، بۆ ئەوەی هەر تیمێک لەوانە، چاودێریی پرسێک لە چاکسازی بکات و هاوکاری حکومەت بێت، تیمیش هەیە تایبەتە بە پلەبەرزکردنەوە و هەشە تایبەتە بە پلە بالاکان.



ناوبراو گوتیشی: بڕیارە لە 7/7یاسای چاکسازیی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و، ئێمەش دەست بە چاودێریکردنی یاساکە دەکەین، کە حکوومەت جێبەجێی دەکات. ئەنوەر ڕوونیشی کردەوە: لەلایەن حکوومەتەوە جیددییەتێکی تەواو بۆ جێبەجێکردنی یاساکە هەیە، چونکە زۆربەنەی ڕێکارەکانی بڕیوە و لە پەرلەمان پەسەند کراوە و لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە ئیرادەیەکی باش بۆ جێبەجێکردنی یاساکە هەیە.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ئەوەشی خستە ڕوو: تا ئێستا چاکسازی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و، ئێمەش دەست بە چاودێریکردنی یاساکە دەکەین، کە حکوومەت جێبەجێی دەکات. ئەنوەر ڕوونیشی کردەوە: لەلایەن حکوومەتەوە جیددییەتێکی تەواو بۆ جێبەجێکردنی یاساکە هەیە، چونکە زۆربەنەی ڕێکارەکانی بڕیوە و لە پەرلەمان پەسەند کراوە و لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە ئیرادەیەکی باش بۆ جێبەجێکردنی یاساکە هەیە.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ئەوەشی خستە ڕوو: تا ئێستا هیچیان ڕاست نین و هەمووی تەنها قسەیە و حکوومەت وادەیەکی دیاریکراوی بۆ هەموو وەزارەتەکان داناوە، بۆ ئەوەی وردبینی لە ناوەکان بکەن، تا بزانن کێ نایاسایی و کێ یاساییە، بۆیە هەر کاتێک تەواو بوو، ئەوکات دیار دەبێت. دەشڵێ: بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی مووچەی فەرمانبەران ناکرێت و جگە لە مووچەی ئەوانەی نایاسایین، چونکە ئەو یاسایە دەردەکرێت خۆی بۆ ئەوەیە کە عەدالەت دروست ببێت، نەک مووچەی فەرمانبەران کەم بکرێتەوە.

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی میر کامیران خەیری بەگ

بەڕێزان/ خانەوادەی کسایەتی نیشتیمانپەروەر و تێکۆشەر(میر کامیران خەیری بەگ)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەری ئێزیدیان (میر کامیران خەیری بەگ) بریکاری میری ئێزیدیان بۆ کاروباری ئایینی- مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کاری خوالێخۆشبوو و بنەماڵەکەتان و میری ئێزیدیان و ئەنجومەنی باڵای ڕوحانی و خوشک و برایانی ئێزدی دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمتان دەزانین.

خوالێخۆشبوو(میر کامیران خەیری بەگ) کەسایەتیەکی ناسراو و کۆمەڵایەتی و ئایینی دیار بووە، هەروەها وەک شارەزایەکی یاسایی ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە لەسەر لیستی کوردستانی و، خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی بووە لە داکۆکیکردن لە مافی گەلی کوردستان بەگشتی و ئێزدیاتی بەتایبەتی.

دووبارە هاوخەمیی و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای کۆچکردوویش بەهەشتی بەرین بێت...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
15/6/2020

کەرکووک.. ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لە شارەکە گەیشتووەتە 406 کەس

گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک ڕایگەیاند، ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لەم شارە گەیشتووەتە 406 کەس و ڕۆژی دووشەممە سێ کەسی دیکە بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەستداوە. سامان یابە، گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆی تووشبووانی پەتای کۆرۆنا لە کەرکووک تا ئێستا گەیشتووەتە 406کە لەناویاندا 231کەسیان لە نەخۆشخانەن و لەژێر چاودێریی پزیشکیدان، هەروەها 161کەسیشیان چاکبوونەتەوە و ڕۆژی دووشەممە 15/6/ 2020 بەهۆی ئەو پەتایەوە 3کەسی دیکە گیانیان لەدەست داوە و کۆی گیانلەدەستان بەهۆی ئەو پەتایەوە گەیشتە 14کەس لە کەرکووک. گوتیشی: هاوکات دووشەممە، 28کەس لە کەرکووک تووشی کۆرۆنا بوونە، هەروەها پێنج کەسیش لەو پەتایە چاک بوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە.

هەرێمی کوردستان.. خاچی سوور پڕۆژەیەک بۆ ناوەندەکانی چاکسازیی ئەنجام دەدات

هیشام مەندوبی: پڕۆژەکە تاڕادەیەکی باش خزمەت بە کەرتی تەندروستیی و تەندروستی هاوواڵتییان دەکات

بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی تەندروستیی و چاودێریکردنی تەندروستیی سزادراوان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و وەزارەتی تەندروستیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژوو کرد. ناوەڕۆکی یاداشتنامەکە بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی لەنێو ڕاگیراواندا لە ڕێگای چاودێریکردن و زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانییان بە ئاراستەی باشترکردن. دوێنێ سێشەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، وەزیری تەندروستیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی ئاماژەی بە یاداشتنامەکە کرد و گوتی: ئەمڕۆ هەڵدەستین بە واژووکردنی پڕۆژەیەکی پێشەنگ بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیی بۆ سزادراوان لە چاکسازی گەوران لە هەرێمی کوردستان.



بۆ باشترکردنی چاودێری تەندروستیی سەرەتایی لە بواری پزیشکی و خولی ڕاهێنان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی گەوران، ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەگەڵماندا بووە لە قۆناغە جیاوازەکانیدا بۆ پێشکەشکردنی تیمەکانی تەندروستیی، ئاوارەکان و چاکسازییەکان ئەمە کارێکی مرۆڤدۆستانەیە و سوپاسیان دەکەین. سامان بەرزنجی گوتیشی: کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە دابینکردنی ماسک و پێداویستی پزیشکی لە گرتووخانە و چاکسازییەکان بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە نەخۆشییەک وەکو بەشێکی گەورەی خۆپارێزی.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی پڕۆژەکەش، سامان بەرزنجی گوتی: ئامانجەکانی بریتیین لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی لەناو ڕاگیراوەکان، خاچی سوور دەمێکە چاودێری ڕەوشی تەندروستیی دەکات، ئەمەش بۆ ئێمە گرنگە کە جگە لەوەی باری ئابووریی هەرێم لە دۆخێکی خراپ دایە و پێویستمان بە ڕێکخراوەکانە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی، ئەوا ڕەوشی تەندروستییش جیاوازە بەراورد بە دوو مانگ پێش ئێستا. لەبارەی ماوەی پڕۆژەکە و دابینکردنی بوودجەی پێویست، وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی گوتی: بوودجەکە دەوەستێتە سەر قۆناغەکانی کارکردن و سنووردار نییە بەپێی کات و قۆناغەکان بوودجە دابین دەکرێت، خولی ڕاهێنان و چاککردنەوەی ئەو شوێنەنانەی پێویستی پێیەتی لەگەڵ دابینکردنی دەرمان و پێداویستییەکان خزمەتگوزاری تەندروستیی بۆ ناو چاکسازییەکانی هەرێم لەخۆدەگرێت و پڕۆژەکەش ماوەی دوو ساڵە.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، بەرپرسی لقی نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە هەولێر، هیشام مەندوبی گوتی: ئەمڕۆ هەڵساین بە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەک بۆ پەرەپێدان و چاودێریکردن کەرتی تەندروستیی لە ناوەندەکانی چاکسازیی کە ئەم پڕۆژەیە تاڕادەیەکی باش خزمەت بە کەرتی تەندروستیی و تەندروستی هاوواڵتییان دەکات کە بۆ ماوەی دوو ساڵە و پڕۆژەیەکی گرنگە، هیوادارین دوو ساڵی دیکە دەرەنجامەکەی ببینین و بەردەوامیش دەبین لە چاودێریکردنی ڕەوشی تەندروستییان.

لە خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو شەش سەربازی عێراقی کوژران و بریندار بوون



لە سنووری شاری خورماتوو بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی کاردانەوەی خێرادا 3 سەرباز کوژران و 3سەربازی دیکەش بریندار بوون. لەمبارەوە عەلی هاشم، گوتەبێژی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو، ڕایگەیاند: لە ناوچەی پەلکانەی ڕۆژهەڵاتی شاری خورماتوو، بۆمبێکی چێندراو بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هێزەکانی کاردانەوەی خێردا تەقییەوە و بەو هۆیەوە 3 سەرباز گیانیان لەدەست داوە و 3سەربازی دیکەش بریندار بوون.

هاوکات شەڕ ڕابردوو لە سنووری پارێزگای دیالە دوو کەس لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە ڕفێدراون و چارەنووسیان نادیارە. لەمبارەوە عەدنان محەمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی شارەبان، بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو لە سنوری پارێزگای دیالە، لەسەر ڕێگەی نێوان "خالس و شارەبان و باقوبە دیالە 2هاوواڵتی ڕفێندران. گوتیشی: تا ئێستا ڕفێنراون هیچ سۆراخێکیان نیە و نەزانراوە بۆ کوێ براون.

پەرلەمانتارێکی عێراق: وەزارەتی تەندروستیی ناتوانێت ڕەوشی سەرجەم تووشبووانی کۆرۆنا کۆنترۆڵ بکات



ئەندامی لیژنەی تەندروستیی و ژینگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سوهام موسەوی ڕایگەیاند، وەزارەتی تەندروستیی ناتوانێت ڕەوشی سەرجەم تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کۆنترۆڵ بکات، چونکە توانای ئەو وەزارەتە سنووردارە. دوێنێ سێشەممە سوهام موسەوی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ بەرپرسیاریەتییەکە تەنها لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستییدا نییە، چونکە توانای ئەو وەزارەتە بە بەراورد بە دامەزراوە تەندروستییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان سنووردارە کە بەرامبەر بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، هەرەسەیان هێناوە.

ئەندامی لیژنەی تەندروستیی و ژینگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سوهام موسەوی ڕوونیشی کردەوە کە ئەمڕۆ بەپرسیاریەتییەکە زیاتر دەکەوێتە سەرشانی هاوواڵتیان، بەوەی کە دەبێت ڕێنماییەکانی خۆپارێزی بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و خێزانەکانیان بە باشی جێبەجێ بکەن و گوتی: وەزارەتی تەندروستیی ناتوانێت ڕەوشی سەرجەم تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کۆنترۆڵ بکات، چونکە توانای وەزارەتەکە سنووردارە و جگە لەوەیش خەرجی پێویستی لە بەردەستدا نییە.

ناوبراو ئاشکرایشی کردووە، ئەگەر ڕەوشەکە لەژێر کۆنترۆڵدا دەربچێت، ئەوا وەزارەتی تەندروستیی، ناتوانێت وەک پێویست خزمەتگوزارییەکانی تەندروستییەکان پێشکەش بکات و ئەو کات دەبێت هاوواڵتییان ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی جێبەجێ بکەن و خۆیان بە دووربگرن لە گردبوونەوە و بەرکەوتن.

کاربەدەستانی تەندروستیی لە عێراق بەردەوام داوا لە هاوواڵتییان دەکەن کە پابەندبن بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بۆ ئەوەی بتواندرێت ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ بکرێت. جێی باسە بەپێی دواین ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق تا ئێستا 21 هەزار و 315 کەس لەو وڵاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیە 652یان گیانیان لەدەستداوە و نۆ هەزار و 271ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/17 ژمارە (5955)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە تاپۆکردنی زەوی کارت و یەکەکانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون دەکات





دوێنێ سێشەممە 2020/6/16مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە تاپۆکردنی زەوی کارت و یەکەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنانە کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون. گفتوگۆ دەربارەی ئەنجامدانی جیاکردنەوەی زەوی پڕۆژەکان کرا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تۆمارکردنی زەوی نیشتەجێبوونی ئەو هاوواڵتیانەی کە بە شێوازی (کارت) لە شارەوانییەکان وەربانگرتووە، هەروەها تەواوکردنی مامەڵەی تاپۆکردنی یەکەکانی پڕۆژەی نیشتەجێبوون کە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی لە سەر کرپاران بە فەرمی لە فەرمانگەکانی تاپۆ تۆمار بکرێن.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، بابەتی ڕێکخستنەوەی پارەی خزمەتگوزاریی گوند و شار و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون تاوتوێ کرا کە پێوستە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت بە جۆرێک ئەم خزمەتگوزارییانە ڕێکبخرێن کە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان توانا و باری گوزەرانی هاوواڵتیان لە هەمانکاتدا پاراستنی کوالیتی خزمەتگوزارییەکان لە بەرچاو بگیرێت.

لە کۆبوونەوەکە هەروەها گفتوگۆ کرا سەبارەت بە خێراکردنی ڕێکارە یاساییەکانی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زەوییەکانیان داخلی نەخشەی بنەڕەتی شارەکان بووە و کۆژاندنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بەڵام تا ئێستاش قەرەبوویان وەرنەگرتووە.

هەروەها جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکانی تایبەت بە خاوەندارێتیتی کردنی زەوییەکانی نیشتەجێبوون کە زێدەڕۆییان لە سەر کراوە تاوتوێ کران لە بەر ڕۆشنایی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە 3ساڵی 2019تایبەت بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لە سەر کراوە، بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی هاوواڵتییانی کەمدەرامەت بێت بۆ نەهێشتنی زێدەڕەویی لەسەر زەوییەکانی مووڵکی گشتی. بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێشنیارەکانیان خستەڕوو. دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، پێشنیارەکان پەسەندکران.

ئێران و تورکیا سنووری ئاڵانە لە حاجی ئۆمەران بۆردوومان دەکەن



تۆپخانەکانی ئێران گوندی ئاڵانەیان لە سنووری حاجی ئۆمەران بۆردوومانکرد. هەروەها تورکیاش بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەمان ناوچەی بۆردوومان کردووە. دوێنێ سێشەممە بەختیار قادر، پەیامنێری ڕووداو لە سنووری قەزای سۆران ڕایگەیاند، تۆپبارانەکە لە بەرزاییەکانی مارین و بێشە لە سنووری گوندی ئاڵانە لە حاجی ئۆمەران بووە. هەروەها عەبدوڵلا حوسێن، موختاری گوندی ئاڵانە ڕایگەیاند، لە بۆردوومانەکەی تورکیا بەرزاییەکانی بەراسکان کراوەتە ئامانج و زیانی گیانی نەبووە، بەڵام ئاگر ڕووبەرێکی زۆری پووش و پاوانی ناوچەکەی سووتاندووە. هەروەها فەرزەنگ ئەحمەد، بەڕێوەبەری شارۆچکەی حاجی ئۆمەران بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: ناوچە سنووریەکانی حاجی ئۆمەران، بە دیاریکراویش ناوچەی بەرازکان لە گوندی ئاڵانە لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە بۆردوومانکرا، کاژێر 11:00ی پێش نیوەڕۆش ئەمجارە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ناوچەکانی کانی ڕەش، کەندە شێن و ماڕێن لە سنووری گوندی ئاڵانە تۆپباران کران.

ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە بەر هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا و تۆپبارانی سوپای پاسدارانی ئێران ناوچەی سنوورین و دووری ئاوەدانین، بەڵام ڕەوەندەکان لەو وەرزە هاتووچۆ دەکەن و نزیک ئەو شوێنانە.

بەڕێوەبەری شارۆچکەی حاجی ئۆمەران دەڵێت: دیارە تورکیا و ئێران هاوئاهەنگیان هەیە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێک دژی هێزە چەکدارییەکانی ڕۆژهەڵات و پەکەکە لە باشووری کوردستان، لە پێڕێوەش دەستیان بە بۆردوومانکردنی ئەو ناوچە سنووریانە کردووە، بە بیانووی ئەوەی ئەو پارتانە لەو شوێنانە هەن. جێی باسە تورکیا یەکەمجارە بۆردوومانی ئەو ناوچانەی گوندی ئاڵانە دەکات، بەڵام ساڵانە بە بەردەوامی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو ناوچانە بۆردوومان دەکات، بە بیانووی ئەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لەو شوێنانە هەن، بەڵام لە دەرئەنجام هاوواڵتیانی سڤیل دەبنە قوربانی ئەو هێرشانە.

بەرزاییەکانی بەراسکان هاوسنوورن لەگەڵ گوندی زێوکەی پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتەنیا سێ کیلۆمەتر نێوانی ئەو دوو بەشەی کوردستانە و یەکەمین جارە تورکیا بۆردوومانی دەکات.

هەر لەم بارەیەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بلاوی کردۆتەوە، نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە تۆپخانەکانی سوپای پاسداران لە پیرانشار ناوچە سنوورییەکانی شاری چۆمانی سەر بە هەرێمی کوردستانیان بۆردومان کرد. هەروەها سەرچاوەکانی هەنگاو ڕایانگەیاندووە کە ئەو تۆپبارانە زیانی گیانی نەبووە.

هەرێمی کوردستان هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان خۆی و شارەکانی عێراقیشی ڕاگرت

فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی بە داخراوی بە ڕووی گەشتیاراندا دەمێننەوە



وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە قەدەغەکردنی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێم بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، تا یەکی مانگی تەمووزی داهاتوو درێژکراوەتەوە و هاوکات سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنیشی ڕاگرتووە بۆ هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا لە ئەمڕۆ سێشەممەوە تا یەکەمی تەموز، قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان درێژ بکرێتەوە.


وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی خستوتەڕوو کە سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنی لەو ماوەیەدا ڕادەگیرێت جگە لە نەخۆشی شێرپەنجە کە پێویستی بە چارەسەری هەیە و ئەو نەخۆشانەیشی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە و لەکاتی گەڕانەوەشیان پێویستە بەڵگەنامەی چارەسەری یان نەشتەرگەرییان پێبێت و بە پێچەوانەوە ڕێگایان پێ نادرێت.

هەروەها وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان تا یەکی تەموز، هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بەوەیشدراوە کە دەروازە سنووریەکانی پەروێزخان، باشماخ، ئیبراهیم خەلیل، سەرزێرێ، سەیرانبەند، کێڵێ، تەوێلە، پشتە و شووشمێ لەگەڵ فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی بە داخراوی بە ڕووی گەشتیاراندا دەمێننەوە.

جێی باسە پێشتر وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە حەوتی ئەم مانگە قەدەغەکردنی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی تا دوێنێ دووشەممە درێژکردبوویەوە.

سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنیش بۆ هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕاگیرا

تیرۆریستانی داعش بەرپرسیارێتیان لە هێرشکردنە سەر گوندێکی کوردانی کاکەییەکی ڕاگەیاند



ڕێککخراوی تیرۆریستی داعش بەرپرسیارێتیی هێرشکردنە سەر گوندێکی کوردانی کاکەیی، لە ئەستۆ دەگرێت. لە ڕاگەیەندراوێکدا، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی کردووەتەوە، داعش دان بە شەهیدکردنی حەوت هاووڵاتیی کوردی کاکەیی لە گوندی میرخاس لە سنووری خانەقین، دەنێت. ئەو ڕێککخراوە تیرۆریستییە کوردانی کاکەیی بە کافر ناو بردووە و ڕایگەیاندووە، لە کاتی چوونی هێزێکی عێراقی بەهانای کوردانی کاکەیی، چەکدارەکانی داعش تەقەیان لەو هێزە کردووە و سێ سەربازیان کوشتووە و پێنجیشیان بریندار کردووە.

دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017حەشدی شەعبی خانەقین و هەموو ناوچە کوردستانییەکانی ئەو سنورەیان داگیر کرد و بەهۆی ناکارایی ئەو میلیشیایانەش، چەکدارانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ و کردە تیرۆریستییەکان لە دژی هاووڵاتییانی کورد، کردووە.

کۆنترۆڵکردنی داعش لە نەینەوا پێویستی بە هەماهەنگی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەیە

شێروان دووبەردانی: بەهۆی گەندەڵی ناو هێزە ئەمنییەکانی عێراق جموجۆڵەکانی داعش زیاد بوونە



دوای ئازادکردنی پارێزگای نەینەوا لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە، دووبارە شانە نووستووەکانی داعش لەو پارێزگایە خەریکە سەرهەڵدەدەنەوە و ناوچەیەکی بەرفراوانیان لە باشوور و ڕۆژئاوای نەینەوا کۆنترۆڵکردووە و ڕۆژانە چالاکی ئەنجام دەدەن.

بەگوتەی نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شێروان دووبەردانی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵەکانی داعش پێویستی بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و گەڕانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە.

شێروان دووبەردانی لەبارەی ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای نەینەوا گوتی: ڕەوشی ئەمنیی لە شاری مووسڵ زۆر باشە و هێزە ئەمنییەکان لە ڕێی کامێرای چاودێرییەوە چاودێری شارەکە دەکەن و ڕۆژانە چەکدارەکانی داعش لە شانە نووستووەکان دەستگیر دەکەن کە لە ئێستادا بە سەدان ناوی چەکدارانی داعش بە وێنە و هەموو زانیارییەکانیانەوە لە بەردەستی هەواڵگری عێراق دان و ڕۆژانە بە دوایاندا دەگەڕێن و دەستگیریان دەکەن.

نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شێروان دووبەردانی لەبارەی ئەو ناوچانەی کە داعش جموجۆڵی تیایدا هەیە گوتی: ناوچەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژئاوا و باشووری نەینەوا کە هێزی ئەمنیی تیایدا زۆر کەمە یان هەر نییە، لەلایەن داعش کۆنترۆڵ کراوە.

ساتێک لەو ناوچانەدا هەیە، پێشمەرگەی لە کۆنترۆڵی حکومەت دایە و پاش ساتەکەیش لە کۆنترۆڵی داعش دایە و قەدەغەیە هاوواڵتیان بچنە پاش ساتەکە و پێش چەند ڕۆژێک هێزەکانی عێراق کەسێکیان دەستگیر کرد کە بەزین و پێداویستییەکانی بۆ داعش دەبردە ئەو بەر".

شێروان دووبەردانی لەبارەی ڕۆڵی هاوپەیمانان گوتی: ئێمە وەکو کورد و سوننە هەڵوێستمان دیارە و لەگەڵ ئەوەبووین کە هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە عێراق بمێننەوە و ئەم جموجۆڵەی داعشیش دوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق هات و بە پێویستی دەزانین کە ئێستاش هەماهەنگی بکرێت و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا بوونیان هەبێت، ئەوان زۆر هاوکاری هێزە عێراقییەکانیان دەکرد بە تایبەت لە لایەنی چاودێری و پێدانی زانیاریی هەواڵگری چونکە ئەو پێداویستییە پێشکەوتووانەی سوپا کە ئەوان لە بەردەستیان هەیە هێزەکانی عێراقی نییانە.

نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شێروان دووبەردانی باسی لە هەماهەنگی هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە کرد و گوتی: ئێمە بە پێویستی دەزانین و چاوەڕوانین کە هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان هەماهەنگییەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بەتەواوی کۆنترۆڵی جموجۆڵەکانی چەکدارانی داعش بکەن و سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراقیش قسەکانی بۆ ئەوە دەچن کە لە هەوڵی دروستکردنی هەماهەنگییەکدایە لەو شێوەیە.

پارەیان پێ نەدات گەنمەکانیان دەسووتێنن یان ئەندامەکانی خێزانیان دەکوژن و زیانیاری ئەوەمان هەبوو کە پێش چەند ڕۆژێک داعش چەند دانەی لە جۆرێکی پێک ئاپی گرانبەهایان کڕیەوە بۆ کردەوەی چەکداری، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی داعش پارەی بە دەست دەگات".

شێروان دووبەردانی ئاماژە بەوەیش دەکات کە گەندەڵی لەناو هێزە ئەمنییەکانی عێراق بووەتە یەکێک لە هۆکارەکان کە داعش جموجۆڵی زیادبێت، چونکە بوون و بەڕەرچدانەوەی هێزەکانی عێراق بەرانبەر داعش لە ئاستی پێویستدا نییە لە زۆرێک لە ناوچەکان دەبینین کە پێویست دەکات هێزی عێراقی هەبێت، بەڵام هیچ هێزێک لەوێ نییە ئەمەیش دەبێتە هۆکار کە داعش زۆرتر جموجۆڵ و چالاکی ئەنجام بدەن".

سەمیر سمێدعی بۆ خەبات:

ئەمەریکا وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە سەیری عێراق ناکات



خەبات - مەریوان نەقشبەندی

کەسایەتییەکی سیاسی و دیپلۆماسی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ ئایندەی عێراق دەکاتەوە حکوومەتی مستەفا کازمی دوا وێستگەی چاوەڕوانی ئەمەریکایە و ئەگەر ئەم پیاوە نەتوانێت عێراق بهێنێتەوە سەر ڕاستەڕێ، ئایندەی عێراق وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە نادیارە.

سەمیر سمێدعی یەکەم وەزیری ناوخۆی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و باڵێوزی پێشووتری عێراق لە ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گفتوگۆی ئەمدواییەی نێوان دوو شاندی عێراق و ئەمەریکا لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو وڵات نەبووە، چونکە تائێستا ئەمەریکا و بەتایبەتیش ئیدارەی ترەمپ وەک وڵاتێکی خاوەن سیادە سەیری عێراق ناکات و پێیوایە عێراق هێشتا باخچەی پشتەوەی ئێرانە، بۆیە ئەگەر مستەفا کازمی کە تازە حکوومەتی عێراقی پێکهێناوە نەتوانێت کۆتایی بە دەسەڵاتی میلیشیا تائیفییەکانی عێراق بهێنێت کە وەلائیان بۆ دەرەوەیە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئایندەی عێراق وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو خاوەن سیادە دەکەوێتە ژێر پرسیار و نەشتەرگەریی سیاسییەکانی ئەمەریکا.

سەمیر سمێدعی کە بەردەوام پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی عێراق دووپات دەکاتەوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەگەر مستەفا کازمی توانای ڕاستکردنەوەی ئەم بارە لارەی عێراقی نەبێت و عێراق لە میلیشیا لە یاسادەرچووەکان ڕزگار نەکات و گەندەڵییەکانی حزبە سیاسییە عێراقییەکان لە ماوەی 17ساڵی ڕابردوو کۆتایی پێنەهێنێت و ئەو سەدان ملیار دۆلارەی داهاتی عێراق کە ئەو بەرپرسە عێراقییانە بردوویانەتە دەرەوە نەیگەڕێنێتەوە و کۆنترۆڵی سنوورەکان و داهاتەکانی وڵات نەکات و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە لە عێراق نەکات، لەو باوەڕەدا نیم تەمەنی ئەم حکوومەتەی کازمی درێژ بێت و ئەوکات ئەمەریکا بەدوای بەدیلی عێراق دەگەڕێت لە ناوچەکەدا و ڕەنگە ئەوکات سیادە و یەکپارچەیی عێراقیش لە لای گرنگ نەبێت.

سەبارەت بە شاندی گفتوگۆکارانی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا کە لەم دواییانە بەڕێوەچوو سمێدعی دەڵێ: شیعە بەپلەی یەکەم و کورد بەپلەی دووەم بالادەست بوون لەم شاندەدا، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە گفتوگۆکارە شیعییەکانی عێراق لەناو عێراقەوە دەستنیشان و هەڵنەبژێردراون و کوردیش لە عێراقدا خەریکە دەگاتە قۆناغی نائومێدبوون لەم وڵاتەدا، بۆیە تەنیا ئیمزاکردنی ئەو خاڵانەی ئەمەریکا بژاردەی بەردەم شاندی گفتوگۆکاری عێراق بووە و ئەمەریکییەکانیش زۆر جدیتر و ڕاشکاوانەتر لەسەر مەرجەکانیان بۆ حکوومەتی عێراق قسەیان کردووە.

حکوومەتی عێراق ناڕەزایی دژی بۆردومانەکانی تورکیا دەداتە باڵوێزی ئەو وڵاتە

وەزارەتی دەرەوەی عێراق دژی بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، باڵوێزی ئەو وڵاتە لە بەغدا، بانگهێشت دەکات. دوێنێ 2020/6/16 وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندووە، فاتح یلدزی باڵوێزی تورکیا بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی کراوە. هەروەک لە بەیاننامەکەدا، هاتووە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق یاداشتێکی ناڕەزایی حکوومەتەکەی بەهۆی بۆردومانەکانی سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، داوەتە باڵوێزی ئەو وڵاتە لە بەغدا.

لە یاداشتەکەدا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، کە بۆردومانەکان بوونەتە هۆی دروستکردنی ترس لای هاوواڵتیان و بەهێزبوونی تورکیا سەروەریی خاک و ئاسمانی عێراقی پێشێل کردووە و یاسا و بنەما نێودەوڵەتییەکانی ژێرپێ خستووە.

لە درەنگانی شەوی یەکشەممە و بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە 2020/6/15دا، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لە قەندیل، مەخمور و شنگال بۆردومان کرد.

عێراق.. پێکهێنانی ژمارەیەک لیژنە بۆ ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی کە هێرشی مووشەکیی ئەنجام دەدەن



فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، چەند لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ ئاشکراکردن و ڕاوەدوونانی ئەو کەس و لایەنانەی کە مووشەک ئاراستەی ژمارەیەک ئامانجی گرنگ دەکەن لە بەغدا.

لەوبارەیەوە گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، لیوا تەحسین خەفاجی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە هەوڵی زیاتر لە پێناو پاراستنی شکۆی وڵاتدا دەخەنەگەڕ و ڕێگەیش نادەن پێشێلکاری ئەمنیی ڕووبدات. دوێنێ سێشەممەش شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق کەوتوونەخوارەوەی سێ مووشەکی کاتیۆشا لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، ڕایگەیاندبوو.

مووشەکییەکان ئاشکرا بکرێن و گوتی: لیژنەکان دەستیان بەکارکردن کردووە و ئەنجامەکانیان بۆ فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەرزدەکرێتەوە تا بڕیار پێکهێناوە بۆ ئەوەی بدرین بە دادگا و گوتی: فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بەردەوامە لە کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان. لیوا تەحسین خەفاجی باسی لەوەیش کردووە کە ئەو پرسە ئاسان نییە و پێویستی بە وردبینی و بەدواداچوون هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی هێرشە

پەرلەمانتاریکی عێراق تووشی پەتای کۆرۆنا دەبێ و پاسەوانەکانی لە نەخۆشخانە دەیرفێنن

پەرلەمانتاریکی عێراق تووشی پەتای کۆرۆنا بووە و پاسەوانەکانی بە زەبری چەک، لە نەخۆشخانە دەیرفێنن. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکان، مەحاسین حەمدون، پەرلەمانتاری عێراق لە نەخۆشخانەی شیفا لە مووسڵ پشکنینی تایبەت بە پەتای کۆرۆنای ئەنجام داوە و دەرکەوتووە تووشی پەتاکە بووە.

دوای دەرکەوتنی ئەنجامی پشکنینەکە، هەرچەندە پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەکە داوا دەکەن مەحاسین حەمدون لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە، بەڵام پاسەوانەکانی گوێ بە ڕێنمایی پزیشکەکان نادەن و بە چەک دەرگای نەخۆشخانەکە دەشکێنن و ئەو ژنە پەرلەمانتارە لە نەخۆشخانە دەردەهێنن. نەجم جبوری، پارێزگاری نەینەوا ڕایگەیاندووە، لێپرسینەوە لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەو ژنە پەرلەمانتارە دەکەن و پێویستیشە حەمدون گوێرایەڵی ڕێنماییەکانی پزیشک بێت و بگەڕێتەوە نەخۆشخانەی تایبەت بە پەتای کۆرۆنا.

عێراق.. کەوتنەخوارەوەی سێ مووشەکی کاتیۆشا لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە سێ مووشەکی کاتیۆشا لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، کەوتوونەتە خوارەوە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کردووە کە سێ مووشەکی کاتیۆشا لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، کەوتوونەتە خوارەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بە زیانی کەوتنەخوارەوەی مووشەکەکان، نەدراوە.

هەروەها باس لەوەیش کراوە کە سێ مووشەکەکە لە ناوچەی مەکاسب باشووری ڕۆژئاوای بەغدا، ئاراستەکرابوون و ڕاشگەیەندراوە کە هێزە ئەمنییەکان شوێنی ئاراستەکردنی مووشەکەکانیان دەست نیشان کردووە و لە ناوچەکەدا دەستیان بەسەر ژمارەیەک مووشەکی دیکەیشدا گرتووە.



www.xebat.net
چوار شەممە 2020/6/17 ژمارە (5955) | خەبات

هاوولاتیانی دەڤەری سۆران پالپشتی لە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی چاکسازیدا دەکەن...

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان : چاکسازی خواستی خەڵکە و جێبەجێ دەکرێت...



چاکسازی (وەیسی سەعید وەیسی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرۆژەی چاکسازی و جێبەجێکردنی لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە تایبەت بە خەبات رایگەیاند: دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنی ژمارە 15پرۆژە یاسای چاکسازی لەخانەنشینی و مووچە و دەرمالە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکەی پەسندکرد ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکەی دەستپێکردووە، بەمەش یەکێک لە هێلە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت کە هەنگاوێکی هەرە گرنگی چاکسازییە لە هەردوو بواری کارگێڕی و داراییدا، بە دڵنیاییەوە هەنگاوی تریشی بە دوا دادێت بۆ چاکسازی کە مەبەست لێیان تەنها بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و هێنانەدی دادپەروەرییە، هەرچەندە پرسی چاکسازی دیارترین دروشمی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بوو کە بەڵێنی بەدیهێنانی دادپەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازییان دەدا، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ و دژایەتی کردنی یاساکە دەدرێت کە ئەمەش بڕیارێکی مەترسیدارە و خۆکوژی سیاسییە.

هەروەها هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان گوتی: هەرچەندە ئیرادەی چاکسازیخوازان زۆر بەهێزە وهەر دەبێ جێبەجێ بکرێت کە پێویستە بۆ سەرخستنی هەر هەموومان پشتیوانی لێبکەین وتێکەڵی ناکۆکییە سیاسییەکان نەکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هی هەموو لایەنەکانی بەشداری لە کابینەی نۆیەم، بە ئەنجامدانی چاکسازیش جگە لەوەی کارەکان زیاتر شەفاف دەبن و داپەڕوەری دێتە دی، تەنها بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و هێنانەدی داپەڕوەرییە، هەرچەندە پرسی چاکسازی دیارترین دروشمی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بوو کە بەڵێنی بەدیهێنانی داپەڕوەری و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازییان دەدا، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ و دژایەتی کردنی یاساکە دەدرێت کە ئەمەش بڕیارێکی مەترسیدارە و خۆکوژی سیاسییە.

هەروەها هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان گوتی: هەرچەندە ئیرادەی چاکسازیخوازان زۆر بەهێزە وهەر دەبێ جێبەجێ بکرێت کە پێویستە بۆ سەرخستنی هەر هەموومان پشتیوانی لێبکەین وتێکەڵی ناکۆکییە سیاسییەکان نەکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هی هەموو لایەنەکانی بەشداری لە کابینەی نۆیەم، بە ئەنجامدانی چاکسازیش جگە لەوەی کارەکان زیاتر شەفاف دەبن و داپەڕوەری دێتە دی،


ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

ئاشکرایە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە یەکێک لەگرنگترین ئامانجەکانی پرۆژەی چاکسازی بووە و لە وتارێکی ماوەی رابردووشیدا بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، کە چاکسازی داواکاری زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و بەڕێزیشییان لە سەنگەری هاوولاتیاندا دەمێنێتەوە و لە چاکسازیش پاشگەز نابێتەوە، لەو ڕاستایەدا هاوولاتیانی دەڤەری سۆران پالپشتی لە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکوومەت لە پرۆژەی چاکسازی دەکەن و ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت کە چاکسازی خواستی خەڵکە و جێبەجێ دەکرێت.

سەرەتا (ئەمیر ئەنوەر) وەک مامۆستایەک پالشتی خۆی لە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەت لە پرۆسەی چاکسازی ڕاگەیاند و گوتی: پالپشتی تەواو لە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەکەم و هیوادارم هەرچی زووتر یاساکە بچێتە بواری جێبەجێکردن، چونکە چاکسازی دەبێتە سەرەتایەک بۆ داپەڕوەری لە ئەرک و ماف دا و جێبەجێکردنی یاساکە هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ماف خواراو مافی بۆ بگەڕێتەوە چ لە ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی لە دام ودەزگاکانی حکوومەت چ لە رووی دارایی ئەوانەی دوو مووچە و سێ مووچە وەردەگرن و ئەوانەی بە ناحەق پلەی وەزیفییان بۆ بەرزکراوەتەوە بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە پالپشتیکی تەواوی هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتم لەوبواوە گرنگەدا. **لە لایەکی دیکەوە هەر تایبەت بە پرسی چاکسازی (ئیسماعیل گوندەژووری) وەک ڕۆژنامەنووسێکی ناوچەکە گوتی:** ئایینەدەی وڵات پابەندە بەو چاکسازیە، فەراهەمبوونی مافی تاک و بناغەی خۆشگوزەرانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بە مووچە خۆر و بێ مووچە، کاسبکار و پەککەوتە دەگات بەو بەشەی کە لە داهات بەری دەکەوێت، بۆیە پشتگیری دامەزراوەی حکومەت و هاوولاتی بۆ ئەو پرۆسەیە ئەرکێکی نیشتمانی دەبێت، هەموومان دەزانین دەستی ڕێگر لە پرۆژەی چاکسازی پارتیمان ئەو گەندەڵکارانەن کە دەیان و سەدان کەسیان لەسەر حسابی من و ئەو خانەنشین و مووچەخۆر کردووە، بە پشتیوانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کۆسپە تێدەپەڕێت و تاکی کورد دەگات بەو ڕۆژە ئارامیە و ماف پێدراوە.

هەر سەبارەت بە هەنگاوەکانی پرۆژەی چاکسازی تەنها بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و هێنانەدی دادپەروەرییە، هەرچەندە پرسی چاکسازی دیارترین دروشمی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بوو کە بەڵێنی بەدیهێنانی دادپەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازییان دەدا، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ و دژایەتی کردنی یاساکە دەدرێت کە ئەمەش بڕیارێکی مەترسیدارە و خۆکوژی سیاسییە.

هەروەها هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان گوتی: هەرچەندە ئیرادەی چاکسازیخوازان زۆر بەهێزە وهەر دەبێ جێبەجێ بکرێت کە پێویستە بۆ سەرخستنی هەر هەموومان پشتیوانی لێبکەین وتێکەڵی ناکۆکییە سیاسییەکان نەکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هی هەموو لایەنەکانی بەشداری لە کابینەی نۆیەم، بە ئەنجامدانی چاکسازیش جگە لەوەی کارەکان زیاتر شەفاف دەبن و داپەڕوەری دێتە دی،



شەنگە هاوار کاکەیی*

نوقڵانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ شاری کەرکووک چی دەبێ!

بە پێی هەواڵەکان سەرۆک وەزیرانی عێراق بە سەردانێکی فەرمی لە دووی حوزەیران گەیشتە شاری کەرکووک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی، لەم هەڵمەتەدا 9 گوند لە سنووری نێوان شاری سەڵاحەدین و کەرکووک لە داعش پاککرانەوە. ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە کە بەچاودێری ڕاستەوخۆی مستەفا کازمی لەپێنج قۆڵەوە دەستیپێکردبوو و لە کاتژمێر سێی بەربەیانی ڕۆژی سێشەمە دووی حوزیران و لەسنووری نێوان ئەم دووشارەدا بەپاڵپشتی هێزی ئاسمانی و فڕۆکەی f16ی عێراقی کە تێیدا بەشدار بوو ئەنجامدرابوو.

گەرموگوڕی ئەم هەواڵانە لە هەلومەرجێک دایە کە وڵاتی عێراق بە داڕووخانێکی ئابووری قورسدا تێدەپەڕێ بەهۆی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا و دیارە ئامانجی سەردانەکەی و هێڵە سەرەکییەکانی ئەم جموجۆلانە لە سنووری شارێکی کوردستانیدا واتای خۆی هەیەو مەتەلەب و خواست و ئیرادەی لایەنی سیاسی لەپشتە. بەتایبەتیش پاش بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی کەوا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ کە لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا ئەنجامی داو تیایدا پۆمپیۆ خۆشحاڵی وڵاتەکەی دەربڕی بەپتەوبوونی پەیوەندییەکانیان نێوان هەردوو وڵات، هەروەها لەهەمان کۆنگرەدا ئەو ڕاستییەی پشتڕاست کردەوە کە بەستنەوەی پەیوەندییەکانیان ئەم جارە مەرجدارە بەسەرۆک وەزیرانێک کەوا تەمسیلی ئیرادەی ڕاستەقینەی هاوولاتیانی عێراق بکا، نەوەک تەمسیلی ئیرهاب و لایەنگیری ئیرهاب بکا.

هەروەها سەبارەت بە بڕەودانی ستراتیژی و هێزی سەربازی ئەمەریکی ڕایگەیاند دواتر دانیشتیان دەبێ. ئەم هەنگاوانەش هاوکات بوو بە سەردانە کتوپڕەکەی سەفیری ئەمەریکی بۆ کوردستان و دانیشتنی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان. ئەم پێشهاتانە وەکو نەخشە ڕێگەیەکی تازەیە لەلایەن حکوومەتی واشنتۆنەوە بۆ دەربازبوون لە هەلومەرجی نەخوازراو بۆ عێراق و ناوچەکە، وە هەمیشە هەڵگری پەیامێکی تازەو دڵڕفێنییەکی تازەیە، چونکە دووپاتبوونەوەی کۆنکریتی پەیوەندییەکانە لەسەر ئاستی هەرێم و بۆ سێ مەلەفی گرنگی ئابووری و سیاسی و ئەمنی. پێدەچێ بەکردنەوەی ئەم مەلەفانە گەنگەشەیەکی تازەی سیاسی لەدایک بێ، جا ئایا خواستی کورد دێتە دی، بەگەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ کردنی مادەی 140و گەڕانەوەی بەشەبودجەو چارەسەری دەیان برگەو ماددەی دەستووری هەڵپەسێردراو؟

چونکە ئەگەر بونیادی سیاسی عێراقی ئەمڕۆ کە لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بونیاد بنرێت، بەهەڵکردنی گلۆپی سووری ئەمەریکی ئەوە دەبێ هیچ لایەنێکی ناکۆک لە هەر سێ جەمسەری شیعی و سوننی و کورد هەست بەمەغبوونییەت نەکەن. بۆیە لەم ڕووداوە پڕ پرسیارەدا حەقمانە بپرسین، لەشەڕی (ابطال العراق ونصر السیاده) دا کە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی جیهازی موخابەراتی پێشووی عێراقە نوقڵانەیە! یا ڕەواندنەوەی بەشە مەینەتییەکی تازەیە بۆ شاری شاران؟!!!

* ماستەر لەیاسای گشتی/ زانکۆی حیکمە- بەیروت

تۆمارکردنی 171حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە دوو پارێزگای عێراق

لە پارێزگاکانی زیقار و دیالە باشوور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، 171حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکران. لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە پارێزگای زیقار بە میدیاکانی خۆجێیی ڕاگەیاندووە کە لە تاقیگەکانی ئەو پارێزگایەدا، 109حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ، دەستنیشانکراون.

سەرچاوەکە باسی لەوەیش کردووە کە تووشبووە نوێیەکان ڕەوانەی ناوەندەکانی کەرەنتین کراون. لە لایەکی دیکەوە شانەی قەیرانەکان لە پارێزگای دیالە ڕایگەیاند کە 62حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو پارێزگایە تۆمارکراوە. شانەی ناوبراو لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 62 کەسی دیکە لە سنووری پارێزگای دیالە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون کە یەکێکیان پزیشکە و 13ی دیکەیشیان کارمەندی تەندروستیین.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هەر لەو ماوەیەدا، دوو کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە دیالە گیانیان لەدەستداوە و بەوەیش کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو پارێزگایە گیانیان لەدەستداوە بەرزبوویەوە بۆ 27کەس. ئەمەیش لە کاتێکدا هۆشداری ئەوە دراوە کە هێشتا مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی عێراق هەیە و تا دێت بەهۆی پابەند نەبوونی هاوولاتییان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی، ژمارەی قوربانییانی ئەو ڤایرۆسە لەو وڵاتە ڕوو لە هەڵکشانە. کاربەدەستانی تەندروستیی لە عێراق بەردەوام داوا لە هاوولاتییان دەکەن کە پابەندبن بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ ئەوەی بتواندرێت ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ بکرێت.



لە ئێران ژمارەی مردووان بەهۆی کۆرۆناوە 9000 کەسی تێپەڕاند

ژمارەی تووشبوانی پەتای کۆرۆنا لە ئێران بەرز بووەوە، تا ئێستاش لەو وڵاتە زیاتر لە نۆ هەزار کەس بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەست داوە. دوێنێ سێشەمە 2020/6/16د. سیما لاری، گوتەبێژی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی لەوە کرد، لە پێرێوە تا دوێنێ لە سەرانسەری ئێران 115کەسی دیکە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، کە کۆی گشتیی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەست داوە، نۆ هەزار و 65کەسە. گوتەبێژی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران ئەوەشی خستە ڕوو، لە پێرێوە تا دوێنێ، دوو هەزار و 563 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون، کە کۆی گشتیی تووشبوانی پەتاکە لە ئێران 192هەزار و 439 کەسە. بە گوتەی ئەو بەرپرسە ئێرانییە، تا ئێستا 152هەزار و 675 کەس لە پەتای کۆرۆنا چاک بوونەتەوە.



627کەسی دیکە لە بەڕازیل بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست داوە

لە بەڕازیل لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، 627کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل لە میانی 24 کاتژمێردا 627کەسی دیکە بە پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە بەرزبوونەتەوە بۆ 43هەزار و 959کەس. هەروەها ژمارەی تووشبووان بە پەتاکە، 20هەزار و 647حاڵەت زیادی کردووە و گەیشتووەتە، 888هەزار و 271حاڵەت.

ڤایرۆسەکە بەتوندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ویلایەتی ساوپاولۆ کە دانیشتووانەکەی نزیکەی ٤٦ ملیۆن کەسە، بە جۆرێک 181هەزار و 460حاڵەت لەوێ تۆمار کراون و 10هەزار و 767توشبووش گیانیان لەدەستداوە. بەپێی ماڵپەری Worldometer کە پشت بە ئامارە نوێکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا بەڕازیل کە لەڕووی ئاماری تووشبوون و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەمریکای لاتین تۆمار کردووە، لەسەر ئاستی جیهانیش لەڕووی ژمارەی تووشبووان بە پەتاکە لە دوای ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ریزبەندی دووەمی گرتووە.

وەزارەتی کارەبا بە نووسراوی فەرمی داوایەکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد



گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایدەگەیەنێت، سەرەڕای سەختییە دۆخی ئابووری و تەندروستی، بەڵام هاوواڵاتیان تا ڕادەیەکی باش بە دەم داواکارییەکەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتن بۆ دانەوەی قەرزەکان. دەشڵێ، وەزارەتەکەیان بە نووسراوی فەرمی داوایەکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان.

ئەندازیار ئومێد ئەحمەد، ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا بڕیاری دابوو هەر کەسێک قەرزەکانی ئاو، کارەبا و خانووبەرە بگەڕێنێتەوە، 15%لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت، بەو مەرجەی تا ڕۆژی 15ی ئەم مانگە قەرزەکە بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هاوواڵاتیانی کوردستان سەرەڕای سەختیی دۆخی ئابووری و تەندروستی، بە دەم داواکارییەکەی حکوومەتەوە هاتن. گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەشڵێت: ئەو ماوەیەی کە ئەنجومەنی وەزیران دیاریی کردبوو، زۆر کەم بوو بۆ گێرانەوەی قەرزەکان، لە بەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا ، دووەمیان لەبەر زۆریی قەرزەکان، کە زیاتر لە یەک تریلیۆن دیناری عێراقییە و لای هاوواڵتیان و فەرمانگە حکوومیەکان و سێکتەرەکانی دیکەیە، بۆیە وەزیری کارەبا نووسراوێکی فەرمیی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ درێژکردنەوەی ماوەی وەرگرتنەوەی قەرزەکان بە هەمان لێخۆشبوونی 15%ی کۆی گشتیی قەرزەکە.

ئەحمەد ئاماژەی بەوەش دا: لە ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا داوا کراوە کاتەکە تا 9/19/ 2020درێژ بکرێتەوە، چاوەڕوانیش دەکرێت لە دوو ڕۆژی ئایندەدا وەڵامی نووسراوەکە بدرێتەوە .

لای خۆشییەوە، عەجیب محەمەد، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر، گوتی: دوێنێ دوایین ڕۆژی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران بوو و لە ئێستادا کاری پێ ناکرێت، تا بە شێوەیەکی فەرمی حکوومەتی هەرێم ماوەی وەرگرتنی قەرزەکە درێژ دەکاتەوە.

هەولێر... بۆ بنبڕکردنی بۆنە ناخۆشەکەی سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکان دادەخرێن



قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕایگەیاند، بۆ بنبڕکردنی ئەو بۆنە ناخۆشەی کە شەوانە بەسەر هەولێردا دێت و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکانی سنووری هەولێر دادەخرێن. نەبەز عەبدوڵحەمید، ڕایگەیاند: لە سنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە 115 پاڵاوگەی نایاسایی هەن و بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانیش، دەبێ دابخرێن، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵمەتێکی مەیدانیمان بۆ داخستنیان دەست پێکرد و ئەمڕۆش سەردانی چەند پاڵاوگایەک کراوە. قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر دەشڵێت: ئەم پاڵاوگانە سەرچاوەی ئەو بۆنە ناخۆشەن کە شەوانە بەسەر شاری هەولێردا دێت، ئەوە جگە لەوەی هیچ مۆڵەتێکی کارکردنیان نییە و بە گوێرەی یاساش مۆڵەتیان پێ نادرێت، بۆیە دوای پێکهێنانی لێژنەیەکی بالا، دەست بە داخستنیان دەکرێت و لە ئێستاشدا بڕیارەکە لە واری جێبەجێکردنیدایە و خاوەن پاڵاوگەکانیش دەبێ پابەندی بڕیارەکانی حکوومەت بن .

پرسە و سەرەخۆشی

هێمن هەورامی پرسەنامەیەکی ئاراستەی خوشک و برایانی ئێزیدی کرد

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆچی دوایی میر کامیران خەیری سەعید بەگ پرسەنامەیەکی ئاراستەی خوشک و برایانی ئێزیدی کرد، ئەمەی خوارەوە دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی کوردانی ئێزیدی میر کامیران خەیری سەعیدبەگ یاریدەدەری میری ئێزیدیان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی میری ئێزیدییان و خانەوادەکەی و تەواوی خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەین لە خوای گەورە داواکارین گیانی کۆچکردوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامییش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
2020/6/16

ڕەوشی تەندروستیی سنووری قەزای مێرگەسۆر لە ژێر کۆنترۆڵدایە



بە هۆی تۆمارکردنی حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، ئیدارەی دەڤەرەکە ڕێکار و ڕێوشوێنی پێویستی گرتووەتە بەر، قایمقامی قەزاکەش دەڵێ، ڕەوشی تەندروستیی مێرگەسۆر لە ژێر کۆنترۆڵدایە. غەفوور ئەحمەد، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەداخەوە یەکەم حاڵەتی بە هۆی تۆمارکردنی حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، ئیدارەی دەڤەرەکە ڕێکار و ڕێوشوێنی پێویستی گرتووەتە بەر، قایمقامی قەزاکەش دەڵێ، ڕەوشی تەندروستیی مێرگەسۆر لە ژێر کۆنترۆڵدایە. غەفوور ئەحمەد، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەداخەوە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە قەزای مێرگەسۆر تۆمار کرا، کە تووشبووەکە خەڵکی گوندی کورکێنی سەر بە ناحیەی گۆرەتووە، بۆیە لە ئێستادا گوندەکە کەرەنتین کراوە و پشکنین بۆ هەموو ئەو هاوواڵتیانە دەکرێت کە بەرکەوتەیان لەگەڵ تووشبووەکەدا هەیە، تا ئێستاش ڕەوشی تەندروستیی ناوچەکەمان لە ژێر کۆنترۆڵدایە. قایمقامی قەزای مێرگەسۆر گوتیشی: ڕێکاری پێویستی تەندروستیمان گرتووەتە بەر بۆ ڕووبەڕووونەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، داواش لە هاونیشتمانیان دەکەین پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن بۆ خۆپارێزیی زیاتر لەم پەتایە.

دهۆک.. تەرمی ئەو گەنجەی لەزێ گەورە خنکابوو دۆزرایەوە



هەوالەکان باسی لەوە دەکەن کە مەبەستی گەڕانەوەی لەشاری دهۆک و گەیشتن بە شوێنی کارەکەی لە کۆمپانیایەک لە قەزای خەبات ، ڕێگای پەڕینەوەی ڕووباری زێبی گەورەی لە سنووری نێوان خەبات و ناحیەی کەلەک بەکارهێناوە و لە ڕووبارەکەدا خنکاوە و دوای سێ ڕۆژ لەونبوونی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی ژێر ئاوی خەبات، توانرا لە سنووری ناحیەی گوێر لە ڕێگای چەند هاوواڵتییەکەوە تەرمەکەی بدۆزنەوەو دواتریش تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادی کردووە .

دهۆک... بەهۆی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە کەمپی گەویلان دوو کەس گیانیان لەدەستدا



بەڕێوەبەری کەمپی گەویلان، سالار عەبدوڵمەجید عەزیز: بەرەبەیانی دوێنێ ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوە لە یەکێک لە خیوەتەکانی ناو کەمپەکە هەبووە و بەو هۆیەوە دوو کەس کە پیاوێک و هاوسەرەکەی بوون ، ژیانی خۆیان لە دەستداوە .

لە کەمپی گەویلان سەربە ناحیەی کەڵەک سنووری قەزای بەردەرەش پارێزگای دهۆک ئاگر لە یەکێک لە خیوەتەکانی کەمپەکە کەوتەوە و بە هۆیەوە دوو کەس کە پیاوێک و هاوسەرەکەی بوون و کوردی باکووری سووریان ژیانی خۆیان لە دەست دا.

کەمپەکە هەبووە و بەو هۆیەوە دوو کەس کە پیاوێک و هاوسەرەکەی بوون و تەمەنی ئافرەتەکە 18 ساڵە و خەڵکی شاری عەفرینە و پیاوەکە تەمەنی 21 ساڵە و خەڵکی کوبانێ-یە ژیانی خۆیان لە دەستداوە .

سالار عەبدوڵمەجید عەزیز باسی لەوەیش کرد کە ئەو دوو کەسە پێش ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان و پەنابەر بێن لە سووریا هاوسەرگیریان پێک هێناوە.

ناوبراو گوتیشی: لێکۆڵینەوەی پۆلیس و بەرگری شارستانی لە ڕووداوەکە بەردەوامە و هێشتا ئەگەری ئاگرکەوتنەوەکە دیار نەبووە، بەڵام ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لەناو کەمپەکاندا بە بەردەوامی هەن بە تایبەت لە وەرزی هاوین کە گەشوهەوا زۆر گەرم دەبێت .

کەمپی گەویلان هەزار و 900 خێزانی پەنابەری باکووری سووریای تیایدا نیشتەجێ کراوە کە سەرجەمیان لە نەتەوەی کوردن.

ئاکرێ... دوای حەوت ساڵ لەکارکەوتنی یاریگای یانەی ئاکرێ لەلایەن دەستەیەکی کارگێڕی خۆبەخش نۆژەن دەکرێتەوە

موسلم دژلەمەری: هەرچەندە ئێستا لەبەر خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەندێ کارکردن ئەستەمە بەڵام بەپابەند بوون بەڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە دوای حەوت ساڵ لە کارکەوتنی یاریگای یانەی ئاکرێ ماوەی چەند ڕۆژێکە لەلایەن دەستەیەکی کارگێڕی خۆبەش دەستکراوە بە نۆژەنکردنەوەی ,بۆ زیاتر زانیاری حسن حسێن سەرۆکی یانەی ئاکرێ گوتی : ئێمە وەکو یانەی وەرزشی ئاکرێ چەند بەرنامەمان داناوە لەوانە نۆژەنکردنەوەی یاریگای ئاکرێیە کە ماوەی حەوت ساڵە لە کارکەوتوەو نەمانتوانیوە یاریەکانمان تێیدا ئەنجام بدەین، بەتایبەتی لەوەرزی زستان کە تەواوی یاریگاکەمان دەبوو بەقورگولیتە بۆیە ناچار دەبوین کە هەمیشە تەواوی یاریەکانمان بگوازینەوە بۆ یاریگای دەستکردنی شێخان بەمەش کارێکی سەختی بۆ ئێمە دروست دەکرد بۆیە بڕیارماندا بە دانانی دەستەیەکی کارگێڕی نوێی خۆبەخش بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگاکە کە بەپێی پێشبینی خۆمان پڕۆژەکە ماوەی دوو تا سێ مانگ دەخایەنێت. هەروەها سەبارەت بە سەر چاوەی دارایی بۆ ئەم پڕۆژەیە گوتی : سەرچاوەی دارایمان بۆ ئەم پڕۆژەیە تەنها داهاتی یانەکەمانە کە بڕی دوو ملیۆن و حەوت سەد هەزار دیناڕە کڕێی دووکانەکانمان کە مانگانە دابەشمانکردووە بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگاکەمان ئەگەر نا هیچ سەرچاوەیەکی تری دارایمان نیە جگە لەوەی کە کارەکانی نۆژەنکردنەوەی بەخۆمان بە شێوەی خۆبەخشی ئەنجامی دەدەین .

هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن لە نامەیەکی ماستەردا



ماستەرنامەی قوتابی سعید محمدامین سعید لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی پەروەردەیی بەناونیشانی »هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتیەوە تۆێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. گفتوگۆکرا لە ڕێکەوتی 2020/6/13 لە هۆڵی فەرهادی- کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

دوو کارمەندی چاکسازیی گەورانی سلێمانی تووشی کۆرۆنا بوون

بەهۆی تووشبوونی دوو کارمەندی چاکسازی گەورانی سلێمانی بە پەتای کۆرۆنا بوون، دەوامی کارمەندانی مەدەنیی چاکسازیی گەورانی سلێمانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ڕاگیرا. بەهۆی تووشبوونی دوو کارمەندی مەدەنیی چاکسازیی گەورانی سلێمانی لە دەرەوەی ئەرکی فەرمانگە بەکۆرۆنا و بۆ پاراستنی گیانی کارمەندان و سزادراوانیش، بڕیار درا بە ڕاگەیاندنی پشوو لە 2020/6/17 تاوەکو 2020/6/28 بۆ کارمەندانی مەدەنی لەناو فەرمانگەکەیان.

ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی لەبارەی دەوامی ئەنجومەنەکەیان دەرکرد

ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بۆ تەشەنە نەکردنی پەتای کۆرۆنا، بڕیارێکی لەبارەی پشووی فەرمی دەرکرد. دوێنێ سێشەممە 2020/6/16 ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، نووسراوێکی دەرکردووە و تێیدا هاتووە: لەپێناو تەشەنە نەکردنی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها لەبەر پاراستنی سەلامەتیی هاوواڵتیان و دادوەران و فەرمانبەران، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی دادوەری کۆبوونەوەی خۆی بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجام دا، بە کۆی دەنگ بڕیار درا بە کەمکردنەوەی ڕۆژەکانی دەوامی فەرمی. باس لەوەش کراوە: بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژانی پێنجشەممە لە گشت هەفتەیەک دەکرێت بە پشوو، بڕیارەکەش لەمڕۆوە تا کاتێکی نادیار جێبەجێ دەکرێت لە دیوانی ئەنجوومەنی دادوەری، دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتییەکانی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک/گەرمیان بە گشت دادگاکانیەوە.

داوا لە خەڵک دەکرێت بە ماسک و دەستکێش خۆیان بپارێزن

کەمپینی نیشتمانیی دەستی بە دابەشکردنی ماسک بە سەر هاووڵاتیانی هەولێر کرد











خەبات: هەولێر

لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەمپینێک بۆ دابەشکردنی ماسک بەسەر هاووڵاتیاندا دەستی پێکردووەو لە چواچێوەی کەمپینەکەدا، کە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی خۆبەخشەوە بەڕێوەچوو، سەدان ماسک بەسەر شۆفێران و کاسبکاراندا دابەشکرا و داوا لە خەڵک کرا بە بەکارهێنانی ماسک و دەستکێش خۆیان لە هەرچەشنە ڤایرۆسێکی گوازراوە بپارێزن.

لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کاتێکدایە، دەرکەوتنەوەی ڤایرۆسەکە لە ئێستادا گیانلەدەستدانی زیاتری بەراورد بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی لێکەوتووەتەوە و تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەیش لە کۆی دوو هەزار و 473 تووشبوو، 54 کەس گیانیان لەدەستداوە.

بەرپرسانی هەرێم هۆشداریی بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە و دروستبوونی کارەساتێکی مرۆییان داوە و لەو چوارچێوەیەشدا داوا لە هاووڵاتیان کراوە لای خۆیانەوە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا 106 هەزار و 31 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئەوەشی ئاشکرا کردووە، کە لە کۆی 15 هەزار و 115هاووڵاتیی کەرەنتین کراو، ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات گەڕانەتەوە و ئەوانەی کە بەرکەوتەی نەخۆشە چەسپێنراوەکان، 13 هەزار و 614 هاووڵاتیی لە کەرەنتینی دەرچوون و دوای تەواوکردنی ماوەی 14 ڕۆژ و ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆیان و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە هەڵگری ئەو نەخۆشییە نین، گەڕانەوەتە ناو خانەوادەکانیان و لەئێستادا، هەزار و 501 هاووڵاتیی لە 36 شوێنی جیاوازی کەرەنتین ماونەتەوە کە 256 لە هەولێر، 10 لە سلێمانی و هەزار و 235 لە دهۆک.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە دوو هەزار و 473تووشبوو، لەنێویاندا 54 حاڵەتی گیانلەدەستدان هەیە و هەزار و 36نەخۆش چاکبوونەتەوە، و لە ئێستادا هەزار و 383 نەخۆش لەژێر چاودێریی پزیشکییدان.

هاووڵاتیان لەناو پارکەکان وەک پێویست پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر: لەو دۆخەی ئێستا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین کە بەبێ ماسک سەردانی پارکەکان نەکەن

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەویز بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەدیمانەیەکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕوونیکردەوە: لەبەر ئەوەی سنوری شارەوانی هەولێر فراوان بووەو دوو شەقامی سەرەکی وەکو شەقامی 120 مەتری و شەقامی 150 مەتری کارکردن لەو شەقامە بەردەوامی هەیەبۆیە پێویستە ڕێژەی سەوزایی زیاتر بێت بەڵام قەیرانی دارایی ئەو چەند ساڵانەی دوایی کاریگەری زۆری هەبوو لەگەڵ ئەوەش ڕێژەی سەوزایی لەهەولێری پایتەخت لە18%یەو شارەکەش بەرەو فراوان بوون هەنگاو دەنێت بەتایبەتی دوا بەدوای دروستکردنی شەقامی 120 مەتری و شەقامی 150 مەتری و سنوری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ڕووی لە فراوان بوون کردو لەنێوان هەردوو شەقامی 120 مەتری و شەقامی 150 مەتری سەوزایی بەو شێوەیە لێ نەکراوە تا بەدڵی ئێمە بێت و لەنەخشەو پلانی داهاتوومانداا هەوڵ دەدەین لەڕێگەی لیژنەکانەوە کاربۆ زیادبوونی ڕێژەی سەوزایی بکەن لەنێوان ئەو دووشەقامە

لەو ڕاپۆرتەدا ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکان بەووردی تیشک دەخاتە سەر کارو بەرنامەی خۆیان.

ئەگەر قەیرانی دارایی نەمێنێ کارو پڕۆژەکان دەست پێدەکەنەوە

دواتر بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکانی هەولێر دەربارەی ژمارەی پارکەکان لەشاری هەولێر ڕوونیکردەوە:لەشاری هەولێر 365 پارک وباخچە هەیە لەو ژمارەیەش 22 پارکی گەورەهەیە لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەک پارچە زەوی تەرخانکراو بۆ سەوزایی لەناو گەڕەکەکان ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووبە ژمارەی پارک و باخچەکان زۆر زیاتر دەبوو دوای نەمانی قەیرانی دارایی بە هەوڵ و هیممەتی وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شاوەوانی هەولێر کارو پڕۆژەکان دەست پێدەکەنەوەهەرلەپێناوزیاد بوونی ڕێژەی سەوزایی ساڵانە چەندین هەڵمەتی دار چاندن لە گەڕەکە جیاجیا کانی هەولێر هەڵمەتی دارچاندن ئەنجام دەدەین بۆئەو مەبەستەش لەساڵانی ڕابردوودا هەوڵماندواە چەندین هەڵمەتی دارچاندن لەسەر ژمارەیەک پارچە زەوی ئەنجام بدەین تا ئەوپارچە زەویانە نەبنە مۆڵگەی زبڵ و خاشاک لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆ خزمەتکردنی پارک و باخچەکان ژمارەیەکی زۆری کرێکارو کارمەندمان دابەشی سەر پارکەکان کردووەوکارەکانیان بەپێی پلان وبەرنامەیەو لەڕۆژانی پشوەکانیش ئەو کرێکارو کارمەندانە بەچاودێرەکانیشەوە خەریکی خزمەت کردنی دارو درەختەکانن لەناو باخچەکان و دوورگە ناوەندەکان ڕۆژانەیش کرێکارو کارمەندەکانی ئەندازەی پارکەکان لەناو پارکەکانن دیارە ئەو پارکانەی ناوگەڕەکەکان دێمەنێکی دڵڕفێن وڕێنگەیەکی پاک وخاوێن بەگەڕەکەکان دەبەخشن و لەدوورگەناوەندەکانیش کرێکارەکان بەردەوام خزمەتی گوڵ و دارو درەختەکان دەکەن پێشتر لەساڵانی بەرلە قەیرانی دارایی ئەندازەی پارکەکان هەرچی دارو درەخت هەبوو لە وڵاتانی دراوسێ بەپارە دابین دەکرد دوای هاتنی قەیرانی دارایی کارو پڕۆژەکان وەستان و پلان و بەرنامەی ئەوە دانرا بۆ دانانی ژمارەیەک مەشتەل تا گوڵ و نەمامی جۆراوجۆری لێ پەروەردە بکرێت ئەوەبوو لەسەر ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان بەپارەیەکی زۆر کەم تۆوی دارەکان دەکڕدرێت هەندێ جاریش لەلایەن تیمەکانی خۆمانەوە تۆی دارەکان کۆدەکرێتەوە تا ئامادە بکرێت و ببێتە شەتڵ و سالانە لەلایەن مەشتەلەکانی خۆمان زیاتر لە سەد هەزار دارو گوڵی جۆراوجۆر ئامادە دەکرێت بۆ چاندن و بەبودجەیەکی زۆر کەمیش لم و کەلوپەل بۆ پارکەکان دابین دەکرێت وسێ نەمامگەی نمو نەییمان هەیە بۆ ئامادەکردنی گوڵ و دارو درەخت و لەلایەن کەسانی شارەزا سەرپەرشتی دەکرێن پلان و بەرنامەی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کارو بەرنامەی تۆکمەو دارێژراو دانراو لەلایەن هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ چەندین ڕێنمایی گرنگ بۆ هوشیارکردنەوەی زیاتری هاوڵاتیان دەرچوو ئەگەر ئەو ڕێنماییە گرنگانە نەبووایە ئەوا ڤایرۆسەکە تەشەنەی دەکردو لێرەوە نابێ ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ لەیاد بکەین کە هەمیشە ڕێنمایی گرنگ بە هاووڵاتیان دەدەن بەتایبەتی بەستانی ماسک و دەستکێش ئێمەش لە پارک و باخچەکان هەمیشە ڕێنمایی بەهاوڵاتیان دەدەین کە بەبێ ماسک و دەستکێش سەردانی پارکەکان نەکەن و هەڵمەتێکمی فراوانمان ئەنجامدا بۆ دابەشکردنی 20 هەزار ماسک لەناو پارکەکان بەسەر هاووڵاتیان بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی کۆرۆنا نەبن و داواش لە هاووڵاتیان دەکەین کە لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ پارکەکان بەبێ ماسک سەردانی پارکەکان نەکەن تا بەڕیەک کەوتن دروست نەبێت و هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئەگەر هاتوو ماسک لەناو پارکەکان دابەش بکات ئێمە دەستخۆشی لێ دەکەین.





تازەمان هەیە ئەویش بریتییە لە دانانی ئۆفیسێکی بچوک لەناو پارکەکان بۆزیاد کردنی بەرهەمی زیاتری دارو درەخت و گوڵ بۆ تەقلیم کردنی داروگوڵ تا بەرهەمی دارو درەختەکان زیاتر بێت.

پێدانی ڕێنمایی و هوشیاری بە هاوڵاتیان


دواتر دەربارەی ڕێنمایی پێویست لەئێستادا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە ئەندازیار ڕێبین ئەحمەد حەویز بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکان ڕووندیکردەوە: هاوکات لەگەڵ هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ


ئەو ئەزموونە نوێیانەی ئافرەتان لە سەردەمی کەرەنتین تاقیانکردەوە

ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی

ئەوەی ماوەی ئەو دوو مانگە گوزەرەرا شتێک بوو کە هیچ کام لە ئێمە پێشووتر نەمانبینیبوو و هیوادارم ساڵانێک تێپەڕێت و کەسی دیکە تەجروبەی نەکات. مانەوەی خێزان لەو چوارچێوەیەکی داخراو بە بەردەوامی لە سەردەمێک کە ڕەنگە چوارمانگ لەمەوپێش بنەماڵەکان خەونیان پێوەبینیبا، ئەزموونێک بوو کە ئەنجامی باش و خراپی لێکەوتەوە. هەندێ خێزان دڵخۆش بەوەیکە ئەو دەردەفەتە ڕەخسا و زیاتر بەیەکەوە بوون و هەندێکیتریش بێزار لەو مانەوەیە. ئافرەتان بە تایبەت کە ئەرکیان چەند هێندە زیادیکردبوو ماندووتر لەو قۆناغە، چونکە ئەبوایە هاوکات گرنگی بە چەندین لایەن وەک: تەندروستی، پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بدەن و بە مانایەکی گشتی نازی خێزان هەڵبگرن. لەو بارەوە ڕای ئافرەتان دەخوێنینەوە.

شەنگە هاوارکاکەیی، ماستەر لە یاسای گشتی کە لە فەرمانگەی یاسایی وەکو سەرۆک بەشی یاسا فەرمانبەرە لە وەزارەتی ناوخۆ بەمشێوەیە باس لەو قۆناغە دەکات: بەڕاستی ئەزموونێکی نوێ و سەخت بوو. ئەم قۆناغە پێویستی بە ئیرادەیەکی پۆڵایین بوو، چونکە ئیرادە فرمێسکەکانمان ئەکاتە زەردەخەنە، بەڵام سەبارەت بە تێپەڕاندنی کات لەم قۆناغە ڕەنگە بۆ شەنگە سووک و ئاسنتر بوو چونکە من پەروەردەی دەستی دایک و باوکێکم کە پڕن لەئیرادە و هێز. باوکم بۆ زیاتر لە سێ ساڵ زیندانی سیاسی بووە پەڵەی ماکی زیندان تا ئێستاش لەسەر دەست و پەنجەی ماوە، لە کاریگەری نەرێنییەکانی ئێستا ناتوانێ دەستی پێنوس بگرێ. کاتی خۆی نینۆکەکانی دەرهاتوون پشتی ئوتوکراوە سەرەڕای ئەمانەش قۆناغی دواناوەندی لە زیندان تەواو کردووە بەشداری ئەزموونەکانی کۆتای ساڵی بە کەلەبچەوە بووە تا خۆێنی پژاوەتە سەر کاغەزی ئەزموونەکان و سەرکەوتووش بووە، جا بۆیە لە باوکم هێزی ئیرادەم وەرگرتووە، ئەتوانم زاڵ ببمە سەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانم. لەماوەی کرۆنا ستایلی ژیانم نەگۆڕی. بە ڕۆژانە کاتژمێرێک تا دوو کاتژمێر بۆ وەرزش و بۆ گوێگرتن لەمۆسیقا تەرخان کردبوو بە تایبەت مۆسیقای بیتهۆڤن سیمفۆنیای (تیشکی مانگ) هەیە زۆر بەهێزە بۆ ئاسودەیی ڕوح وەکو چۆن جەستە پێویستی بە وەرزشە بەهەمان شێوە ڕوحیش پێویستی بە وەرزشە باشترین وەرزشیش بۆ ڕوح گۆێگرتنە لەمۆسیقا، بۆیە مرۆڤ هاوسەنگی بکا لە نێوان ڕوح و جەستەدا ئەگەر ئەم هاوسەنگییە بوونی بوو دڵنیا بە مرۆڤێکی ناکامی هەستەوەرەکانت مردوون، بۆیە لەم ماوەیەدا بەدیان وتارم بە هەر دوو شێوە زمانی عەرەبی و کوردی نوسیووە بە دیان نەرمە شیعرم نوسیووە چونکە عاشقی نووسینم و نووسین پانتاییەکی بەرفراوانی لە ژیانمی داگیرکردووە، ئەو ڕۆژەی بەرهەمم نەبێ ئەگەر بە دوو دێڕیش بێ وائەزانم مردووم و هەروەها لەگەڵ خۆێندنەوەی بەردەوام. لە کەرەنتین گوزەران لەگەڵ خێزان و بەئیرادە بن بتوانن زاڵ ببنە سەر ئەم قۆناغە. هەستی ئەو قۆناغە تەرجەمە ناکرێ، بۆیە دەوترێ دەبێ دڵت سپی بێ دڵت هەمیشە ساغڵەم بێ چونکە ئەگەر خەڵەل کەوتە ناو دڵت خەڵەل دەکەوێتە نێو عەقڵت کە خەڵەل کەوتە عەقڵت دەکەوێتە نێو ڕەفتارت و ئەو دەم هێڵی سوور دەبەزێنی هەرگیز دەروون تەندروست نابی. کە سەیری خۆت دەکەی مرۆڤی بەڵام لە وێنەی دڕندە، بۆیە دەبێ دوور بێ لە غەڵ و غەش، ئیرەیی و درۆکردن و ...هتد. قۆناغی کۆرۆنا هاتە پێش تا ئەو پەیامەمان ناراستە بکا کەوا بۆ گەیشتنە بەختەوەری ڕاستەقینە دەبێ بە نمرە یەک مرۆڤ بین ببینە گەورەترین پاشا و هێز لە دونیا. مرۆڤ لە ڤایرۆسێک تۆقی کە بەچاو نابیندرێت.


شەنگە هاوارکاکەیی


تارا محەمەد


نارین عەبدولقادر

کە خوای گەورە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی خستە ژێر ئەم هەژموونە با واحیساب بکەین تازە هەموومان لە قاعەی ئەزموون داین ئازاترین کەس بەرزترین پلە و نمرەی دەرئەنجامی ئەبێ لە ئەزموونی ئینسانیەتدا. لەم ڕوانگەیەوە وە من وای بۆ دەچم پێمووایە ئێستا قۆناغ قۆناغی پیشەسازی مرۆڤە.

تارا محەمەد، بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی گۆڤاری گوڵان لەو بارەوە دەڵێت: وەک ئافرەتێک و وەک دایکێک بۆ یەکەمجار هەستم بەوە کرد، کە مرۆڤ ئەگەر ئیرادەی کرد لە هەموو کات و سات و بارودۆخێکدا دەتوانێ بەربەستەکان ببڕێت و بەسەر ناخۆشییەکان زاڵ ببێت، چونکە لە ژیاندا ئەگەر ئیرادە هەبوو هیچ شتێک مەحاڵ نییە. گرنگە لە هەر قۆناغێکدا ئەزموون و پەندوەرگرتن هەبێت و بابەت و ڕووداوەکان بە شێوەیەک بێ بایەخانە نەیەن و نەڕۆن، چونکە ئەگەر ئەزموون لە شتەکان و قۆناغەکان و مرۆڤەکانی پێش خۆمان وەرنەگرین لە خاڵی چەقبەستوودا دەمێنینەوە، لە ئێستاشدا خۆشبەختانە کەرەنتین بە هۆی پەتای کۆرۆناوە تەواو بووە و توانیمان بەهۆی مانەوەمان لە ماڵەوە لەو قۆناغە سەرکەوتنمان بەسەر کۆرۆنادا تۆمار کرد. کەرەنتین پێی گوتین کە ڕۆژەکانی ژیان دووبارە نین و هەر ڕۆژە و تام و چێژێکی نوێی هەبوو، کەرەنتین هەموو ئەندامانی خێزانی لە دەوری یەکدا کۆکردەوە و مانایەکی دیکەی بە ژیانی خێزانی بەخشی، کەرەنتین فێری ئەوەی کردین کە خۆمان بۆ قۆناغی سەختتریش ئامادە بکەین، ڕاستە لە سەردەمی کۆرۆنادا ماناکانی ژیانیش گۆڕا و بە خۆشەویستان و ئازیزانمان دەگوت لەبەر ئەوەی خۆشمدەوێی نامەوێ بتبینم و لە باوەشت بگرم و ماچت بکەم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەمان ماناکانی ژیانی سەردەمی کۆرۆنا هەمان مانای دوای سەردەمی کۆرۆنا بێت، پێمووایە دوای ئاسایی بوونەوەی ژیان ڕۆژانی کەرەنتین ئەگەرچی بێزاری و ترس لە نەخۆشی هەبوو، بەڵام دەبێتە یادگارییەکی پڕ ئەزموون و سوودبەخش لە زۆر ڕووەوە.

نارین عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەمشێوەیە دوا: کۆرۆنا ئەو پەتایەی هەڕشە لەسەر جیهانی مرۆڤایەتی هەیە و هەر وڵاتەو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەو پەتایە هەیە. ڕاستە خەڵکانێک لێکدانەوەی دوو لایەنەی بۆ دەکەن، بەڵام من بە عەکسەوە بە هیچ جۆرێک لایەنی ئەرێنیم لێ نەدیت جگە لەوەی گۆیا ژینگە پاک بۆتەوە، بەڵام ئەو هەمووە تاوانەی کردی لە ڕووی مرۆڤایەتی و ئابووری و ...کە بە ڕای من هەڵسانەوە لەو هەمووە بواڕە وا بە ئاسانی نابێت. بەڕاستی ئەوەی من ئەو ماوەیە هەستم پێکرد دڵسۆزی و بڕیارە ڕاستەکانی حکومەتی هەرێم بوو لەو بارەوە کە هەنگاونانەکانی جێگەی دەستخۆشی و دڵخۆشین، ئەو پلانانەی هەرێمی کوردستان گرتیەبەر ئەگەر هاوڵاتیانیش پایەندی تەواو بوونایە ئەوا بێشک ئێستا بارودۆخ باشتر دەبوو. هەڵبەت هەندێ تێبینیم لەسەری هەیە وەک ئەوەی خێزانەکانی کاسبکاران ئەو ماوەیە زۆر سەختیان لێگوزەرا لە حاڵێکدا بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ ڕێگەیەکی سەرکەوتووی خۆپارێزی بوو. بە ڕای من کەرەنتین کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر بژێوی کاسبکاران هەبوو و بەو هۆیەوە زۆر کێشەی خێزانی دروست بوو. هەڵبەت من وەک خۆم تا ڕادەیەک سوودم لە کەرەنتین وەرگرت، ئەو کاتەی بەردەستم بوو بەرنامەڕێژیم بۆی کرد لە نێوان خوێندنەوە و وەرزش و هەروەها توانیم بپڕژێمە دانیشتن و گفتگۆ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم، وێڕای ئەوەی هەندێجار هەستم بە گوشار و کاریگەریە دەروونییەکانی دەکرد، بەڵام خۆشبەختانە زاڵبووم بەسەریدا. لە کۆتایی دەڵێم وێڕای ئەو هەموو کاریگەری نەرێنییە دەرفەتێکی باشبوو بۆ نزیبوونەوەی خێزان کە سااڵنێکە کار و ئەرک و دنیای ئینتەرنێت لێی وەرگرتبووینەوە.

سەرکردایەتی ئافرەتان، هۆکاری هاوبەشی سەرکەوتنی وڵاتان بەسەر کۆرۆنادا



ئا/ ژیلا

لە ئایسلەندەوە تا تایوان و لە ئەڵمانیاوە تا نیوزلەند ئافرەتان هێز و توانای خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بارودۆخە شێواوەی خێزانی مرۆڤایەتی دەخەنەڕوو. لە حاڵێکدا زۆربەی وڵاتان بە تەواوی دامەزراوە و هێزیانەوە چاوەڕوانی پلەی گەرمی دەکەن تا کرۆنا لەنێوبەرێت، بڵاوبوونەوەی پەتاکە لە وڵاتانی ئایسلەند، فەنلاند و دانیمارک کە لە وڵاتانی ساردن، دەریدەخات کە بەڕێوەبردنی ئافرەتانە خۆی ئەو گەرمی و سەرکەوتنە دەبەخشێت. لە ڕاستیدا بەڕێوەبردنی ئافرەتان لەو وڵاتانە و گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی و بایەخدان وەک پلانی حکومەت بووەتە هۆکار تا وڵاتانی بە سەرکردایەتی ئافرەت زۆر سەرکەوتووتر بن لە مامەڵەو زاڵبوون بەسەر کرۆنادا.

7 ئافرەت و 7 وڵاتی سەرکەوتوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنادا

ڕاست بوون و شەفافییەت: ئەنگێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بە هاوڵاتیانی خۆی ڕاگەیاند کە کۆرۆنا کێشەیەکی گەورەیە و دەکرێت 70%ی دانیشتوان تووشی بن و بابەتێکی جیدییە. مێرکل نەخۆشییەکەی بە جیدی وەرگرت و خەڵکیش ئەویان بەهەندەوەرگرت. وەرگرتنی سەمپڵ هەر زوو دەستیپێکرد و زۆر زوو قۆناغی ترس، نائارامی، نەبوونی شەفافییەت و دڵەڕاوکێی تێپەڕی و شایەت بووین لەگەڵ هاوسێ ئەوروپییەکانی ئاماری زۆر کەمتری بەخۆوە بینی بە تایبەت لە مردن.

(تێسای ئینگ- وون) سەرۆکی ناوچەی تایوان لە یەکەم کەسەکان بوو کە کاردانەوەی خێرای هەبوو. لە سەرەتای مانگی یەک ڕێک ئەو کاتەی یەکەم نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەرکەوت 124 ڕێچارەی بۆ ڕاگرتن و بەرەنگاربوونەوەی کرۆنا ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەیکە وەک وڵاتانیتر کەرەنتینی تووندوتوڵی ڕانەگەیاند. ئەو سەرکردە تایوانییە تا ئێستا زیاتر لە 10 ملیۆن دەمامکی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا ناردووە. بە پێی ڕاپۆرتێکی CNN شێوەی بەڕێوەبردنی تێسای لە نێوان (باشترین کاردانەوە جیهانییەکان) ئەژمار کرا و لە تایوان تەنیا 6 حاڵەتی مردن تۆمار کرا.

(جاسیندا ئاردرێن) سەرۆک وەزیرانی نیوزلەندا سەرەڕای دەستنیشانکردنی 6 حاڵەتی تووشبوون زۆر زوو فەرمانی کەرەنتینی دەرکرد و پێشی لە هاتنی میوانی بیانی گرت و بە 4 حاڵەتی مردن سەرکەوتنی باشی تۆمارکرد و تا ئێستا هەر کەسێک لە دەرەوەی وڵات بێت بۆ ماوەی 14 ڕۆژ لە کەرەنتین دەمێنێتە لە حاڵێکدا زۆر وڵات لە حاڵی لادانی کەرەنتینن.

ئایسلەند لە ژێر ڕێبەرایەتی سەرۆک وەزیر (کاترین یاکو بێسدۆتیر) تێستی بێبەرامبەر بۆ هەموو هاوڵاتیانی خۆی دەکات و ئەوە کلیلی پێشگرتن لە پەتاکە بوو لە حاڵێکدا لە زۆربەی وڵاتان لەو کەسانەی نیشانەی چالاکی ئەو نەخۆشییەیان هەیە سەمپڵ وەردەگرن، لە حاڵێکدا ئایسلەند ئەو تێستەی بە شێوەی کامڵ و سەرانسەری ئەنجامدا. بۆ وێنە پێنج هێندەی کۆریای باشوور تێستی ئەنجامداوە و بەو ڕێگەیە ئیتر پێویستی بە داخستنی قوتابخانە و زانکۆ نەبوو.

(سانا مارین)ی فەنلاندی کە سااڵی پار وەک گەنجترین ڕێبەری دەوڵەت لە جیهان دەسنیشانکرا لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیا و بە کۆکردنەوەی ئینفلۆئێنسەرکان توانی زانیاری گشتی لە هاوڵاتیانی خۆی بگەیەنێتە دەستی پزیشکان.

(ئێرنا سولبێرگ) سەرۆک وەزیرانی نەرویج ڕێگەی وتوویژی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مندالان لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن بەکارهێنا و لە کۆنفرانسێکی هەواڵدا وەڵامی تەواوی پرسیارە ئانلاینەکانی منداڵانی دایەوە و ترسی بە شتێکی ئاسایی وەسف کرد. ئەو هەستە دایکانەیە و شەفاف بوونی بووە هۆکار تا خەڵک ئاسوودەتر بن و بە ڕاشکاوی وتیان هەستیان بە ئامێزی گەرم و هاوبەشی سەرۆک وەزیران کردووە.

ئەو ڕێبەرانە لەگەڵ ئەو پیاوانە بەراورد بکەن کە لەگەڵ قەیرانەکان، بە سەرزنشتکردن، هەڕەشە یاساییەکان و تۆمەتبارکردنی ڕاگەیاندن بوونە هۆکاری ترس و سەرلێشێوانی خەڵکەکانیان.

ئەنجامی سااڵنێک لێکۆڵینەوەی جیاواز ئەوەی دەرخستووە کە ڕێبەرایەتی ئافرەتان هەردەم جیاواز و بەسوود بووە و قەیرانی کرۆنا بووە تەرازووی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کەسانەی کە ئافرەتان بە لاسایکردنەوە لە شێوازەکانی پیاوانە مەجبوور دەکەن.

*** ئەو ئامارانە هی مانگێک لەمەوبەرە کەرچی تا ئێستاش ئەو 7وڵاتە لە سەرکەوتووترینی وڵاتانن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆرۆنا**

COUNTRY	LEADER	No. of Deat
Denmark	Mette Frederiksen	260
Iceland	Katrín Jakobsdóttir	8
Finland	Sanna Marin	49
Germany	Angela Merkel	2,673
New Zealand	Jacinda Ardern	4
Norway	Erna Solberg	98
Taiwan	Tsai Ing-wen	6



جێنیفەر هۆلەر.. ئەوئافرەتەی وەک یەکەم کەس بوێری تاقیکردنەوەی ڤاکسینی کۆرۆنای هەبوو، باشتر بیناسن

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت


کە باس لە تاقیکردنەوە و گەڕان بە دوای خۆبەخش بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە دەگەڕێن واتا نەبوونی دڵنیایی لە سەرکەوتن و مامەڵە بە ژیان لە باشترین حاڵەتدا پەنجا بە پەنجا. ئەوە پێمان دەڵێت کە کەسی خۆبەخش دەبێت خاوەن دڵێکی گەورە و بوێریەکی بێ هاوتا بێت و بوونی ئەو تایبەتمەندییانە لە ئافرەتێک کە خاوەن منداڵیش بێت سەرکەشییەکی گەورەیە کە جێی ڕێز و تەقدیرە.

لەحاڵێکدا کە مقۆمقۆی دۆزینەوە و تاقیکردنەوەی ڤاکسین بۆ کۆرۆنا بوو ئافرەتێکی ئەمریکی بە ناوی جێنیفەر هۆلەر تەمەن 43 ساڵ خەڵکی شاری سیاتل لە ویلایەتی واشنتۆن کە خاوەن دوو منداڵە ئەو خۆبەخشەیە کە لە ترسناکترین نەخۆشی سەدە هەنگاوێکی ئەوەندە مەزنی نا کە بووە هۆی دڵخۆشی و هیوایەک بۆ زاڵبوون بەو ترسەی کە ئێستا جیهانی داگیرکردووە.

جێنیفەر دەڵێت: (هەموومان هەست بەوە دەکەین لە یارمەتی دەستەوەستانین و ئەوە هەڵێکی زۆر گەورەیە کە بتوانم کارێک بکەم). منداڵەکانی دڵخۆشن بەوەیکە دایکیان لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ بەشداڕە و یارمەتی جیهانیان دەدات لە سەرکەوتن بەسەر ئەو نەخۆشییەوە و پاڵپشتی دایکیان دەکەن.

لە زۆربەی تاقیکردنەوەی ڤاکسینەکان سەرەتا لە سەر گیانلەبەرەکانی وەک مشک و مەیمون تاقیدەکرێتەوە و پاش دڵنیایی لەسەر مرۆڤ تاقیدەکەنەوە، بەڵام حاڵەتی بەپەلەی ئەمجارە و خێرایی لە بڵاوبوونەوە زانایانی مەجبور کرد کە بۆ خێرایی کارەکە ئەو سەرکێشییە بە گیانی مرۆڤ بکەن. هەڵبەت بڕیار وایە کە لەسەر 45 کەسیتریش ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدرێت و لە چەند قۆناغێک بە چڕکردنەوەی دەرمانەکە و زیاد و کەمکردنی هەرچی زووە بگەنە ئامانج و جیهان لەو دڵەڕاوکێ و ترسە ڕزگار بکەن.

400 ملیار دینارەکەی بەغدا.. موزایەدە و چەواشەکاری



خەبات تریفە ئازاد

پاش ئەوەی لە رۆژی 11ی6ی 2020 وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی کوردستان بە ژمارە و داتا تەواوی وردەکاری دەربارەی چارەنوسی 400 ملیار دیانەکە و چۆنیەتی خەرج کردنی ی بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە، هەروەها د. ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە لێدوانێکدا بەژمارە و داتا هەموو شتێک لەبارەی 400 ملیار دینارەکە ئاشکرا کرد، بەڵام تاکو ئێستا کەمپێنی شێواندنی راستییەکان و چەواشەکاری بۆ بە سیاسەتکردن و مەرامی تایبەت مژاری 400 ملیار دینارەکە لە کەناڵ و سایت و مالپەڕە سێبەرەکان و ئەکاونتە گومانلێکراوەکانی تۆرەکانی کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامە. ئینجا بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم مژارە رۆژنامەی خەبات لەم راپۆرتەدا راو بۆ چوونی چەند پسپۆر و شارەزایان بۆ رایگشتی دەخاتەروو.

لە ترسی چاکسازی دەیانەوێت خەڵک تووشی گومان و دڵەڕاوکێ بکەن

بەهمەن عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: ئەوەی هاتووە مەسەلەی ئەو 400ملیارە دەورژێنت تەنها مەبەستی چەواشە کردنی رای گیشتیە مەبەستی ئەوەیە ڕەشبینی دروستکات لە لای خەڵکی کوردستان وە دەیانەوێت خەڵک تووشی گومان بکەن لەبەرامبەر ئەو چاکسازییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیاری دراوە لەم ماوەیە جێ بەجێ بکرێت ، دەیانەوێت رای گشتی بەڵاڕێ دا ببەن، ئەوانەش خەڵکانێکن ڕاستە مووچە خۆری هەقیقین بەڵام ئەوانەی کە دڕێژەی پێدەدەن خەڵکی بن دیواری حزبەکەیانن بۆ ئەم مەبەستە دەیانەوێت رای گشتی بەڵا ڕێدا ببەن و نایەوێت حکومەت چاکسای بکات بەڵام حکومەت سوڕە لەسەر چاکسازی کردن ئەوان لە ترسی چاکسازی تووشی تاو لەرز بوونە هەرجارێک بە شتێکەوە دەیگرن و باسێک دەورژێنن ئەو پارەی کە باسی دەکەن یەکێکە لەم شتانەی کە زۆر باسی دەکەن لە کاتێکدا خۆیان لە حکومەتن و دەشزانن ئەو 400ملیارە لە کۆییە و بۆچی سەرف کراوە.

هەندیک لایەن سواری شەپۆلی داواکاری خەڵک دەبن و لەبەرژەوەندی خۆیان بە لاڕێدا دەبەن

قەهرمان عوسمان، ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: ئەگەر دیقەت بدەین، هەر لەسەرەتاوە هەندێ لایەن و هەندێ باڵیش لە نێو هەندێ حیزب، بە جددی لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە کابینەی نێ سەرکەوتوو نەبێت! بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە نزیک دەبینەوە لە ساڵێکی تەمەنی کابینەی نێ، هێشتان ئەو باڵە بەربژێرەکانی بۆ پرکردنەوەی ئەو پۆستانەی کە بەگوێرەی ڕێکەوتنی سێ لایەنی نێوان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) بەر یەکێتی کەوتوون پڕ نەکراونەتەوە، نەناردوون. وە هەروەها ئەوەی بینیمان لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڕۆنا هەموو هەوڵێکیان کەمڕەنگکردنی ئەو سەرکەوتنە بوو کە حکومەتی هەرێم دژی پەتاکە بەهۆی گرتنەبەری ڕێکاری دروست لەگەڵ ئەو 400 ملیار دینارە دا، بەڵام وەک لەسەرەتادا گوتم ئەو لایەن و بااڵنە ئامانجیان دروستکردنی فشارە بۆ سەر حکومەت و هەوڵدەدەن شکست بە بەرنامەکانی حکومەت بێنن!

لەوانەیە بپرسن بۆ؟

هەروەها قەهرمان عوسمان دەڵێت: دەتوانین بڵێین هەڵگرتنی پەیام و بەرنامەی چاکسازی لەلایەن ئەم کابینەیە، هۆکاری سەرەکی ئەو فشارانەیە کە دەیکرێنە سەر، چونکە بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو لایەن و بااڵنە زیانیان بەردەکەوێت کاتێک چاکسازی جێبەجێدەکرێت، بۆیە گومانی تێدا نییە ئەوان دەیانەوێت بەم فشارانە دەرفەتی جێبەجێکردنی یاساکە کەم بکەنەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر، لە بەر ئەوەی پارتی لەم خولّەی پەرلەمان هێزی یەکەمە، ئەو لایەن و بااڵنە دەیانەوێت ئەو فشارە داراییەی کە لەسەر حکومەتن دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، کە دەکرا هەموو لایەنە بەشدارەکان لە حکومەت کە ئەگەر ڕاست دەکەن و لە خەمی خەڵکدان هاوکاری پارتی بوونایە، بەڵام بەداخەوە نەک هاوکار بگرە ئەم دەرفەتەشیان قۆستەوە بۆ لێدان لە پارتی و حکومەتی هەرێم، هەر یەکە لە وەزیری دارایی و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی حکومەت زۆر بە جوانی ڕوونکردنەوەیان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت زیاتری بکەن، بۆ ئەوەی پارتی مژۆل بکەن و نەپرژێتە سەر تێپەڕاندنی هەندێ یاسای گرنگی وەک دەستوری هەرێمی کوردستان کە بێگومان ئەوە بۆ ئەو لایەن و باڵ و ئاغاکانیان زۆر خراپە کە ئەم هەرێمە ببێتە خاوەن دەستورێک کە دەنگی پارتی تیایدا زۆرینە بێت، دەیانەوێت ئەم خولّە دەستور تێنەپەڕێت، بە ئومێدی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پارتی ئەو هێزەی نەمێنێت.



بەهمەن عەبدوڵڵا



قەهرمان عوسمان



کامەران ڕەحمان



کامەران غەریب

ئامانجی سەرەکیان ڕێگەگرتنە لە جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی

کامەران ڕەحمان، چاودێری سیاسی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: بە داخەوە دەستێکی ئانقەست بە ئاشکرا لە پشت ئەم بابەتە هەیە و بە سیاسی کراوە . ئامانجی سەرەکییان ڕێگا گرتنە لە چاکسازی کە کابینەی نێیەم ئالا هەڵگرییەتی و بڕیاری داوە چاکسازی بکات و وە پاشەکشەی لێناکات . وە لایەنی سیاسیش هەیە تا نیوەڕۆ لە حکومەت بەشداری بەڵام دوای نیوەڕۆ ئۆپۆزسیۆنە وە حەز ناکات چاکسازی بکرێت بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بە ئارەزووی خۆی بتوانێت یاری بە هەستی ئەو خەڵکە بکات . وەک بینییمان هەموو دونیا دەڵێ قایرۆسی کۆرۆنا هەیە ئەو دەڵێ نەخێر نییە چونکە وایان فێر کردووە بڵێت نییە . ئەو هەقی بەوە دانییە خوای گەورە ئەو عەقڵ و میشکە جوانەی پێداوە بەڵام ئەو زەرەرەیەکی لێ بەکار نەهێناوە و ئامادەش نییە بەکاری بهێنی .. ئێستا پێیان گووتوە هاشتاگی 400 ملیار دیناری بکە ئەمیش ڕێک وا دەکا . ڕوونکردنەوەی هیچ بەیاننامەیەک لە قووەتی دانییە ڕایبگرێت . جا سەیر لەوە دایە ئەوانە ئێستا نوێنەریان لە پەرلەمانی بەغداش هەیە گوایە نوێنەری کوردن . هەر یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت سوودیشی هەیێت دژی دەوەستن کەچی هەمان یاسا لە پەرلەمانی عێراق دەربچیت خۆ کڕ دەکەن . ئەو ئەندام پەرلەمانە دڵیشی بەو عێراقول عەزیمە زۆر خۆشە . کە دەچێتە گەشت و سەیرانیش لە جیاتی گۆرانی (شیرین بەهارە) ئەوا (مەوتنی مەوتنی) لێدەدات . بۆیە من لام وایە هەر کەسێک بۆ خۆشیش هاشتاگەکەی دانابی لە فەیسبووک بیزانێ یا نەیزانێ گەوجێندراوە . پێویستە سیاسەت لە پێناوی بەرژەوەندی نیشتیمان بێت نەک ڕێگا گرتن لە چاکسازی چونکە بەم شێوەیە بێت میللەت زەرەر مەندی یەکەم دەبێت.

ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دارایی وەڵامێکی پڕ بە پێست و گونجاو بوو

کامەران غەریب، نووسەر لە شاری سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: سەبارەت بە بابەتی چوارسەد ملیاردیناڕەکە ، بە ئاشکرا دیارە کە کەسانێک بە نیەتێکی گلاوەوە دەیانەوێت ڕای گشتی بەلاڕێدا ببەن و لە ڕووی سیاسیەوە سودی لێ ببینن ، ئەگینا ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دارایی وەڵامێکی پڕ بە پێست و گونجاو بوو بۆ ئەم کەس و لایەنانە، بەڵام وا دیارە بە کەڵک وەرگرتن لەو قەیرانەی کە بە هۆی کۆرۆنا و هەروەها نەناردنی موچە لە لایەن بەغداوە هاتۆتە ئاراوە ، دەیانەوێت ڕای گشتی بەئاراستەی ئالۆزکردنی بارودۆخەکە و کێشەنانەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی پەیوەست بەو بابەتە، هەروەها تاوانبارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ببەن. چونکە دڵنیابوون کە ڕێکارەکانی حکومەت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆرۆنا تا ڕادەیەکی باش ئامانجی خۆی پێکابوو و ئەمەشیان بە دەستکەوت بۆ پارتی و مەترسی لە سەر بوونی خۆیان دەزانی ، بۆیە هەوڵیاندا ئاراستەیەکی دژە ڕێکارەکان بەڕێوەببەن.

لەم میانەدا بیانووی ناردنی چوارسەد ملیار دیناری حکومەتی عێراق یان قۆستەوە ، لە کاتێکدا کە هەموان دەزانن کە ئەو بڕە پارەیە بەشی 30%ی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم. دەکات و پێویستە بۆ دابینکردنی تەواوی موچە سەرچاوەیتر دەستەبەر بکرێت.

ئەمەش جگە لە کۆمەڵێک حیزبی مافیا و چەتە کە بازرگانی بە گیانی خەڵکەوە دەکەن و هیچ شتێک جگە لە بەرژەوەندی گلاوی خۆیان لای ئەوان گرنگی نیە سود لەم بارودۆخە وەرناگرێت. بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر لەوە وشیارترن کە بە ئاوازی ئەو مافیا پەنجە خوێناویانە لە خشتە ببرێن .



وون بوون
پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٤٠٧ بەرواری ٢٠١٨/٧/١٠ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فائز شکر محمود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٤٦ / ب / ٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ سربست بایز عباس
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (حسن علوان عباس) داوای ژمارە ٣٤٦ / ب / ٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (٤١٢,٠٠٠ چوار سەدو دوانزدە هەزار دۆلاری امریکی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ڕاپەرین – سلیمانی بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا و ئاسۆ و ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٧٣/ت/٢٠١٥ وە بڕیار درا تاوانبار بکرێیت بەگوێرەی ماددەی (١/٤٣٠) لەیاسای سزادانی حوکم درا بەسەرتا بە (٦) شەش ساڵ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٠٦٩/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٥/٢٠
بۆ/ تاوانبار/ تانیا بهاءالدین نصرالدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٠٦٩/ت/٢٠١٩ وە بڕیار درا تاوانبار بکرێیت بەگوێرەی ماددەی (٣٠٨) لەیاسای سزادانی عیراقی حوکم درا بەسەرتا بە (٦) شەش ساڵ
ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) غیابی بەشێوەی ئاشکرا دۆسیەی کەتنی ژمارە ٢٧١٤/ك/٢٠١٨ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بەبەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەنسبەت سکاڵای ساکاڵکار (چرۆ قادر درۆیش)
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٧٣/ت/٢٠١٥
ڕۆژ: ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ/ تاوانبار/ سەرهەنگ محمد حمە صدیق
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٣ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٧٣/ت/٢٠١٥ وە بڕیار درا تاوانبار بکرێیت بەگوێرەی ماددەی (١/٤٣٠) لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە (٦) شەش ساڵ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/احمد حجی داهر
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٨٢٤/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٥/١٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ ناری محمود احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٩ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) غیابی بەشێوەی ئاشکرا دۆسیەی کەتنی ژمارە ١٨٢٤/ك/٢٠١٨ وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٤٥٦أ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بەبەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ و (٦) شەش مانگ بەنسبەت سکاڵای ساکاڵکار (اسکندر مصطفی حمە اغا و صبریە صالح بابکر)
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٧١٤/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٥/١٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ بێستون امین محمد شریف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووێت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی (جیابوونەوەی داوەری بەهۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی یاسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژئاوا وە ئاسۆ و ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/٧/٢٧ سەعات ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بڕیکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (ئاماددەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. طه عمر رشید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٢١٦/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٩
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: حسیب محمد حمەامین و طاهر عثمان نجم الدین
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣)ی لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمە سور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٦٧٣/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/٢٠
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مصطفی احمد صالح عزیز احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣)ی لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٢٢/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٣/٤
بۆ/ تاوانبار/ میران سیروان اسماعیل
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٤٤٦٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بەغداد)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (مجموعة التعمیر الدولیة للمقاولات العامة/ المحدودة) لە (بەغداد) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ پەسندکراو لە فەرمانگەی کۆمپانیاکانی بەغداد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ تایبەت بەدانانی لقی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (چاوان حکمت عبدالرحمن) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (العقیق الاخضر) بۆ (ووزەی خۆر/ سنوردار) بڕیاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (العقیق الاخضر) بۆ کۆمپانیای (GREEN AGATE)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٦٠٠١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کانی سران)
بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/سنووردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کانی سران) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/سنووردار) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/١٤ تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (هاورێ کاوە جاسم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٤/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسای گشتی
ژمارە: ٤٦٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کانی سران)
بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/سنووردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کانی سران) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/سنووردار) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/١٤ تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (هاورێ کاوە جاسم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٤/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە لقی کۆمپانیای (مجموعة التعمیر الدولیة للمقاولات العامة/ المحدودة) بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – جووت سایدی بەختیاری – تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی)
پاکتاوکار/ چاوان حکمت عبدالرحمن
ناونیشان/ هەولێر – گەرەکی رزگاری
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٨٧٠٩٩٦٦
ئیمیل/ gmail.com@chawanhikmat٢١٢

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کانی سران) بۆ (بەڵێندەرایەتی گشتی/سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پارێزگای/هەولێر-هەولێری نوێ.
پاکتاوکار/ هاورێ کاوە جاسم
ناونیشان/ هەولێر-هەولێری نوێ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٨٧٢٢١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئیمری کرێتز
نووسینی ڕۆمان گەمەیەکی کوشندەیە



بڕیتان جەلال

ئیمری کرێتز نووسەرێکی دەسترەنگین و بلیمەت و زمانزانە، لەگەڵ ئەوەی ناوداریەکی بەربڵاویشی نیە، بەڵام کارە کەم و بەهێزەکانی گەواهی کاریگەری ئەو نووسەرە بەسەر خوێنەرانی لە هەموو لایەکی دنیا دەدەن، تا ئێستە چوار ڕۆمانی چاپکردووە، هەر چوار ڕۆمانەکان باس لە کارەساتی یەهودییەکان لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەن، دەکرێ بگوترێ نووسینەکانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، چونکە زۆر شارەزایانە چۆتە ڕەگاڕبوونی مێژووی کارەساتی (هۆلۆکست)، ڕۆمانەکانی ڕەنگدانەوەی یەکاویەکی ئەو ڕووداوەن، لە تەمەنی منداڵیدا لەناو ورد و درشتی کارەساتەکە ژیاوە و بە چاوی خۆی بینیویەتی، پاشان لە هەڕەتی گەنجایەتیدا لە بەندیخانەیەکی نازییەکان دەستبەسەر کراوە، بەڵام هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە لە نووسینی ڕۆماندا ساکار و کاڵا داڕێژبووبێ و تەنها مێژووی کردبێتە دەسکاڵای توانستەکانی دیکەی، بەڵکەش ئەوەیە لێژنەی ئەکادیمیای سویدی لە ساڵی 2002 خەڵاتی نۆبڵ بەو نووسەرە دەدات.



لە گوتارێکدا کە لە ڕۆژی وەرگرتنی نۆبڵا پێشکەشی کرد دەڵێت: (لە کاروانی ژیاندا هەمیشە شتێک دێتە بەردەمان کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە و توانای بیرکردنەوەشمان لە ئاستیدا کز و لاوازە، هەردەم دەسەڵاتی خوداوەند بەسەر ویست و چارەنووسەکانی ئادەمیزاد بااڵ دەستە، دادوەری میتافیزیکی لای ئەو هەیە و بەشێوەیەکی ڕەها چەسپاوە، ئارەزوومەندانە بەسەر ئێمەی دا دەبەخشێتەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە لە نێوان خۆماندا بەخشندە و میهرەبان نەبین، ئاکارە جوانەکانی مرۆڤایەتیمان نەپارێزین، لە دنیایەکدا گوزەر دەکەین لە دارستانێکی چڕ و ترسناک دەچێت، پڕیەتی لە درندە، دەبێ بەزەییمان بە یەکتردا بێتەوە، دوا جار ئێمە دەسەڵاتێکی کەم و سنوردارمان لە پێشە، خوداش هەموو دەسەڵاتەکان).

وەک لە دەقی ڕۆمانەکاندا و لە ڕێگای پااڵوان ء ڕووداوەکاندا دەخوێنینەوە، ڕقی پیاوی زۆردار و کەسی ستەمکار و دیکتاتۆرە، هەمیشە هۆڵۆکۆست دەکاتە نموونەی بێ بەزەیی مرۆڤانەی بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانیان ملیۆنەها کەسە دەکەنە قوربانی، پەیامی ئیمری لە بابەتەکانی ئەوەیە (مرۆڤ دەبێ برای مرۆڤ بێ)، ئەگینا ژیان ناشیرین دەبێ و کەسی بااڵ دەست کەسی بێ توانا و لاواز لووش دەکات، ڕژێمی ژیان دەگۆڕێت بۆ ڕژێمی دارستان، کە ئەمەش هەرگیز ویستی خودا و پەیامە پیرۆزەکانی نیە...

نووسەر لە دەوروبەری شاری بۆدابەستی پایتەختی هەنگاریا ژیان دەباتە سەر، دوای ئەوەی چەند ساڵێک لە بەرلین دەژیا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (فەلسەفە)ی فەرەنسایی کە لە ژمارە یەکی هاوینی ساڵی 2013 بااڵوکراوەتەوە، سەرسوڕمانی خۆی بەهەر یەک لە فەیلەسوفە بەرزەکانی وەک (ئەلبێر کامۆ) و (نیتشە) و (فیتغاشتین) دەربڕیوە، چەندین بەرهەمی ئو فەیلەسوفانەی لە زمانی خۆیانەوە گۆڕیوەتە سەر زمانی مەجەری، میللەتەکەی خۆی لە هەزر و فەلسەفە و تێڕوانینەکانیان ئاشنا کردووە، چیرۆکی ناسینی ئەلبێر کامۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی 1975 وەختێک پشانگایەکی فرۆشتنی کتێب لە هەنگاریا ساز دەکرێت، چاوی بەکتێبی (غەریب)ی کامۆ دەکەوێ، ڕۆمانێکی چەند لاپەڕەییە و نرخی کتێبەکەش هەرزان بووە، یەکسەر کتێبەکە هەڵدەگرێ و پارەکەی دەدات، وەک خۆی دەڵێ، ئەو کات تەمەنی(27)ساڵان بووە، هەر لە ڕێگای ئەو ڕۆمانەوە بە جیهانی پڕ لە ڕامان و سەرنجراکێشەکانی ئەلبێر کامۆ خۆشحاڵ دەبێ، دەڵێت ((هەمیشە ئەو ڕستەیەم لە بیر ناچێتەوە کە لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا نووسراوە (ئەمڕۆکە دایکم مرد)....

کە کتێبەکەم هێنایەوە ماڵەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی، نەمتوانی دەستبەردارییم تاکو تەواوم کرد، ئەم ڕۆمانە بروسکەیەک بوو لە ناخەوە هەڵیتەکاندم، زۆر سەرسامی هزر و زمانەکەی بووم، هێندەی دیکە گەورەیی کامۆم بۆ ئاشکرا بوو، پێنج ساڵی دەبوو، کامۆم بۆ ئاشکرا دەبوو ڕووداوەکای نێو ڕۆمانەکەم لە خەیاڵم دەرنەدەچوو وەک دەڵێت، (سەیرکەن ئەو نووسەرە لە وڵاتی جەزائیرەوە هاتبوو، تەمەنی (30) ساڵی تێنەپەڕاندبوو، بە جەساردت و چارەنووسی خۆی تێڕوانینەکانی لە فەلسەفەی لاساری و تاوانکاری و سەربەستی و ئازادیدا) بەسەر کۆمەڵگای فەرەنسایی و بگرە لە هەموو ئەورووپا بااڵوبکاتەوە و جێگای خۆشیان بگرن بێ ئەوەی حیساب بۆ ڕیزی کەس یاخود نەرێتی کۆمەڵ بکات و و بێ گوێدان و ترس لە هەرەشەی خەڵکانی نەریت پارێز)، ئەو هێزە لەبن نەهاتووەی ئەلبێر کامۆ هەیبوو، من پێی سەرسامم و بەخیلی پێدەبەم، هەر کاتێکیش نووسەرێک بە نووسەرێکی لە خۆی باشتر و بلێیت پاڵەوانەکەی من خۆم بووبم، هەر تەنیا ئەوەندەش نا، بەڵکو ئەلبێر کامۆ منی هێنایە سەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست، ئازایەتی و سەرکێشیەکەی، خۆشیان دام، چۆن گەنجێکی کەم تەمەن، بەڵام بە ئەزموون لە ژیان و بەهێز بەرامبەر تەوژمە نامۆکان، بتوانێ خۆی پێڕابگیرێ و بیر و هزری کە هەر هەموو تازە و نوێخوازبوون لە نێو کۆمەڵگاکەیدا بلاو بکاتەوە و پێداگری بکات، جەربەزییەکەی کامۆ ڕادەبەدەرە، کەم کەس دەتوانێ وەک ئەو ڕۆڵی ئەو پااڵوانێتیە بنوێنێ...

لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بەتواناکای کامۆ، قەراج و قەرەچووغ و پیرە هەوڵێری هەڵگوت و بەویش فرمێسک لە چاوەکانی بە گوڕ دەهاتنە خوارێ، ئەمجارەیان دەستی کردە لاوکی دەڵێ وایێ شەهیدان و هەر ئەوەندەم زانی هەناسەی تەنگ بوو لە پرمەی گریانێکی بە کۆڵیداو هەرچی منداڵ و خێزانەکەشی و منیش لەگەڵدا ماوەیەکی باش دەستمان بە گریان کرد

*حەسەن حەیران چۆن و لە کوێ کۆچی دوایی کرد ؟

– حەسەن حەیران لێرەشەوە سەلماندی کە چرکەیەک لە ئێش و ئازاری گەلەکەی دوور نەکەوتەوەو هەموو ژیانێکی نالەباری بۆ خۆی هەڵبژارد تەنها بۆ ئەوەی میللەتەکەی ڕزگار بێ لە چەوسانەوە، لە شۆڕشیش خۆی جیا نەکردەوە، لە غەریبی و لە وڵاتی ئێران و لە نزیک شاری ئورمیە–ڕەزاییە– گیانی لە دەستدا بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل.

هەندرێن و داستانەکانم بەبیر دێننەوە.

جارێکیتر گوتی:

دە باێن حەزت لە کامەیانە ؟

منیش مەسەلەیەکم بۆ هێناو پێم گوت:

دوو کەس لە ڕێگایەک بوونە، ڕەفیقی یەک و دانیشتن لە شۆێنێک بۆ حەسانەوەو یەکیان هەندێ خورما و هەندێ مێوژی لابوو، دیارە کەم بووە بە وڵاشەکەی گوت تۆ خورما دەخۆی یان مێوژ وڵاشەکەی حەزی لە هەردووکیان بوو، گوتی ئەگەر باێم خورما هەر خورمام پێ دەدا، ئەگەر باێم مێوژ هەر مێوژم پێ دەدا گوتی واچاکە باێم خورمژ دەخۆم، منیش حەزم لەهەر هەموانە.

گوتی:

باشە جارێک شمشاڵت بۆ ئێ دەدەم دەستی کردە شمشاڵەکەی، شمشاڵێکی زۆر غەریبی لێدا و منیش هەندێک بۆی گریام، لە دوایی ئەو حەیرانەیەکی بۆمی گوت، لەویش حەیرانی بە دەشتی

لە ساڵی 1983چوومە لای لە نەغەدە پاش هەشت ساڵ لەیەک دوور دەستی لە ملم کرد، زۆر گریا، لە دوایی پرسیار و وەاڵم گوتی:

زۆر غەریبیم چەشتووە، بۆیە دەگریم و هەناسەم تەنگ بووە، دەنا هەق نیە بگریم، لەبەر ئەوەی کورد دەستی بە شۆڕش کردۆتەوەو پێشمەرگە ژیاوەتەوەو داستانی قارەمانیەتی تۆمار دەکەن، ئەوە ئومێدێکی گەورەیە بۆ من.

لە دوایی حەسانەوەیەک گوتی:

لاوکت بۆ بااڵێم یان حەیران یا شمشاڵت بۆ ئێ بدەم.

منیش پێم سەیر بوو، ئەو هەموو ساڵە و لە غەریبی دەبێ چی لەبیر مابێ گوتم:

تۆ شمشاڵت ماوە ؟

گوتی:

من تا دەمرم شمشاڵ لەخۆم جیا ناکەمەوە لاوک و حەیرانەکانم لە غەریبی بە جۆشتر بوونەو خەمی خۆم بە وانە ڕەواندۆتەوەو هەردەم دەشتی هەولێر و زۆزک و

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



جەمال گردەسووری

بەشی چواردەهەم

*** حەسەن حەیران ژیانی چۆن بەسەر برد؟**

– ئەوەی باسم کرد، زۆر لە ژیانی ئەو هونەمەندەی بۆ کەم کردینەوە باسمان لە 14ساڵ تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول و یەعنی 14ساڵ تەمەنی حەسەن حەیران لەوێ تەواو بوو، پێشتریش ژیانی منداڵی و گەنجایەتی و شوانی بووە، پاش 14ساڵ تەمەنی شۆڕش و ڕێکەوتنە شومەکەی جەزائیر وەکو هەندێ کەس و بە هەزارەها مااڵ ئاوارەی ئێران بوون و لەوێ جارێکی تر بە کۆشێ منداڵ و لەم غەریبیە دەستی کردە کاسبی و سەیارەیەکی بۆ کڕێ پێک هێنا بوو، منداڵەکانی دەژیاندو بەاڵم هەموو ئێوارەکانی بە شمشاڵ و الوک و حەیرانەکانی لەناو منداڵەکانی بەسەر دەبرد و هەندێ جاریش بۆ کوردو غەریبی دەگریاو ساڵەهای ساڵ بەم شێوەیە ژیانی بەسەر برد.

لە ساڵی 1945لە گرتووخانەی (بوخنفالد) دەرچووم، گەڕامەوە بۆدابست، دوو ساڵی خوێندم لە دەست چووبوون، تەمەنم (15) ساڵان بوو، هیچ شتێکی ئەوتۆ فێر نەبووم تا خۆم لەسەر قاچ ڕاگرم، بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێک ئامادە نەکرابووم، خۆم بە ڕووت و الوازی و بێ توانا بەرامبەر بە ژیانێکی سەخت دیتەوە، تاکو ساڵی 1945لە دەوروبەری خۆم ڕامام، هەستم بەوە کرد کاری ڕۆشنبیری بۆ من گونجاوە، ڕەنگە بتوام لەو بوارەدا ئەسپی خۆمی لێ تاوبدەم و شتێک بە شتێک بکەم، لەگەڵ ئەوەی کەش و هەوای سیاسی وڵاتەکەشمان لەبار نەبوو، تازە شیوعییەکان دەسەڵاتی حوکمیان وەرگرتبوو، گرژی سەرتاپای مەجەری گرتبۆوە، کارکردن لە ڕۆشنبیری گرفتی زۆری لێ دروست دەبوو، چونکی پیاوانی ڕژێم توند بوون و ڕێگای دەربڕینی ئازاد زۆر تەسک ببۆوە.

بڕیارم دا بچمە ناو کایەی پیشەی ڕۆژنامەگەری، ئەوەبوو بە پەرۆشەوە قۆناغی لێهەاڵتم، وا تێگەیشتبووم ئەو ئیشە لە ڕاهێنان و فێربوونی پیشەی بەکارهێنانی وشەدا، هاوکاریم دەکات، زۆر ئارەزوومەندانە دەستم پێکرد، خەریک بوو خۆم بدۆزمەوە، باری ئابووریم ڕوو لە بەرزی بوو، گوزەرانم باش دەبوو، بە داخەوە بەرامبەر ئەمەش تا دەهات گرژی باڵی بەسەر وڵات دەکێشا و سانسۆر زۆر بەهێز ببوو، هەموو وشەیەک و هەر هەڵوێستەیەکی نووسەران دەکەوتنە ژێر چاودێری و بە میکرۆسکۆپ بە دوای هەڵەیەکی سیاسی ڕۆشنبیران بیکەن، دەگەڕان، وای لێهات هێندە چەنگیان پێهەڵچنیم تا لەسەر کار الیاندام، پاشان دەسەڵاتدارە شیوعییەکان ژنەکەشمیان وەک بارمتە دەستبەسەر کرد، زانیبویان بە نیازی بەجێهێشتنی وڵاتەکەمم هەیە، بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاوەکانم چوست کردن، یەکجاری ژیانم ئاڵۆزی تێکەوت، سەرەڕای ئازار و ئەشکەنجەکان، دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمان، ڕۆژم بە سوڕانەوە لە نێو کۆاڵن و بازاڕی میللیەکان دەبردنەسەر، دەگەڕام وشەی میللی نەتەوەکەم کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی لە نووسینی ڕۆمانەکانمدا بەرجەستەیان بکەم. هەرچەند لە حاڵەتێکی دەروونی باشیش نەبووم بەهۆی فشاری پیاوانی دەسەاڵتدار بەاڵم بێ ئومێد نەبووم، هەوڵم دەدا بەرگەی نەهامەتییەکان بگرم، باوەڕم بەوە هەبوو ڕۆژێک دادێ ئازاد دەبم و ژیانم بە ئاسایی تێدەپەڕێنم.

لەو سات و کاتەدا یەکەم ڕۆمانم بە چاپ گەیاند، دەنگۆیەکی باشی دایەوە، ڕۆمانەکە بە ناونیشانی (بوونەوەرێکی بێ چارەنووس)بوو.

دەربارەی فەلسەفە و وێژە، ئیمری کرێتز بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو، وای لێکدەداتەوە کە (فەلسەفە گەڕان بێت بەدوای ڕاستییەکان، دەبێ جددی کاری لەسەر بکرێ و خۆمای پێوە سەرقاڵ بکەین، بەاڵم وێژە ئێستا بۆتە شتێکی دیکەی جیاواز، بۆتە گەمەکردنێکی کوشندە).

هەر دەمێک ویستمان دەست بە نووسینی بەرهەمێکی ڕۆمان بکەین، دەبێ تواناسازیەکی چاکمان لە زمان هەبێ، چونکە نووسینی ڕۆمان پێویستی بە زمانێکی تایبەتی و گونجاو هەیە.

لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ هەمان گۆڤار وتوویەتی: (من نەخۆشم و زۆریش بە دەست نەخۆشییەکەمەوە نازار دەبینم) بەاڵم نامەوێ دەستبەرداری ژیانم ببم، وەک چۆن ((بریمۆ لیفی)) و ((تادیوز بوروفسکی)) ئەو کارەیان کرد، نامەوێ خۆم لەبەر چاوی خەڵکی بە الواز و ترسنۆک نیشان بدەم، تا دوا چرکەش ململانێ دەکەم.

مۆڵەتی سێ ڕۆژمان پێ درا بوو، دەبێت بگەینە ئەم شوێنانە، لە شەهرەبانی مهاباد نووسراوبان بۆ کردین و بەڕێ کەوتین بەرەو ئەم شارانە لە شاری دیواندەرە ئۆتۆمبیلی من تێک چوو، دواتر چاکمان کردەوە کەمێک پێش ئێمە کاک حەسەن حەیران و سەید کاکە بەڕێکەوتین بەرەو شاری بیمار و هەمەدان، ڕێگاکە خۆڵ بوو قیرێ نەکرا بوو، لە لۆڤەکانی بیمار هەر لەدوور دیتمان حەسەن حەیران ڕاوەستاوە زۆر ترساین، هەر کە گەیشتینە الی وتمان چی بووە ؟

گوتی:

ئۆتۆمبیلەکەم پێ کۆنترۆڵ نەکرا لەم لۆفانەوە.

گوتی:

الۆڵ فڕیم بەاڵم تانکی بەنزینەکەم بۆ الیەکی دیکە فڕیوە، ئێمە کە دیتمان بە خۆی سەاڵمەتە دەستمان کرد بە پێکەنین، دواتر تانکی بەنزینەکەمان بە بەن وپەڕۆ بەست و تاکو هەمەدان، دەرەنگی ئێوارە بوو بڕیارماندا یەکتر بەجێ نەهێڵین چونکە ئۆتۆمبیلەکەمان زۆر کۆن بوون، هی ئەم ڕێگا دوورە نەبوون، هەروەها شارەزاش نەبووین جگە لەمەش زۆر دڵ تەنگ و غەمگینیش بووین ئەو کات بە ڕاستی دەرەنگی شەو گەیشتین بە شاری هەمەدان، ئۆتۆمبیلەکانمان لەگەڕاجێک ڕاگرت و خۆشمان چووین بۆ میوانخانە، دەرەنگی شەو بوو سەید کاکە گوتی:

دەبێ بچین بۆاڵی ئۆتۆمبیلەکان هەندێک کەل و پەلی منداڵان لەناو ئۆتۆمبیل بهێجی ماوە، تەنها کاک سەید کاکە خێزانی خۆی لەگەڵ بوو من بە تەنها ناتوانم بچم بۆ ئەوێ، من و حەسەن حەیران چووین لەگەڵی فارسیمان نەدەزانی ئیتر هەر چۆنێک بوو جەعفەر سادق ڕۆژبەیانی، قادر خەلیل ڕۆژبەیانی، تاهیر ئەنوەر ڕۆژبەیانی، عەبدوڵڕەحمان جبرائیل ڕۆژبەیانی و دەیانی دیکە

*** ئەمە پوختەی وەاڵمی دیهانەیەکە لە ڕێکەوتی 21-2-1لەگەڵ بەڕێز موحەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی سازکراوە**

ئیبراهیم حاجی عەلی:

کاکە حەسەن حەیران زوو، زوو سەردانی دەکردین

ساڵی 1975ئێمە مااڵمان لە مهاباد بوو لەگەڵ حەسەن حەیران و سەید کاکە و عەبدوڵڕەحمان حاجی عەلی و زۆر برادەری دیکە، لە دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی 1975 خەڵکێکی زۆر پەنابەر بووین لە ئێران، خەڵکێکی زۆریش مااڵی لە مهاباد بوو، بەتایبەتی خەڵکی سنووری دەشتی هەولێر، پاشی نسکۆ خەڵک زۆر غەمبار بوو چونکە ناخۆشترین ڕۆژ بوو کە بەسەر ئێمە هات وەک و پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد ، هەندێک دەچۆوە بۆ عێراق و بەشێکیش ماوە لە ئێران، ئێمە کۆمەڵێک دۆست و بڕادەر بڕیارماندا هێنین لە ئێران لەبەر ئەوەی مهاباد کوردستان بوو ئێمەیان لەوێ نەهێشت و ڕایان گواستین بۆ شارە دوورە دەستەکان واتە ناو فارس و تورکەکان، ئێمە گواستراینەوە شاری یزدکراین.

حەسەن حەیران و سەید کاکە گواستراینەوە بۆ شاری کرمان و شارۆچکەی ماهان کە زیاتر لە 2 دوو هەزار کیلۆ مەتر دووری سنووری عێراق بوو، هەر لە هاوینی ساڵی 1975ئێمە گواستراینەوە بۆ ئەم شوێنانە، مااڵمان بەجیا ڕەوان کرا خێزان بەجیا ئێمەش لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلمان هەبوو بە ئۆتۆمبیلی خۆمان ڕێزشتین، تەنها بەیانی وەرەوە عەسر هاتەوە گوتی:

بەیانی تۆش لەگەڵ من وەرە.

گوتم:

باشە بەاڵم شەو من دەعوەتی خزمێک بووم، بەیانی ڕێزشتبوو بانگی منی نەکرد بوو، دەڕوات لە نزیک ئورمیە سەیارەکەی وەردەگەڕێ و گیانی لە دەست دەدا، ئێمەش بە هاوار چووین و جەنازەکەمان بە مەراسیمێکی شایستە لە گۆڕستانی نەغەدە بە ئەمانەت بە خاکمان سپاردو پرسەیەکی یەکجار زۆر گەورەی بۆ کراو زۆربەی پەناهەندەکانی شارەکانی دووریش هاتن و پاشی پرسەکە بەڕێزان سەرۆک مسعود بارزانی و هەڤاڵی جوانەمەرگ کاک ئیدریس بارزانی لە دوایان نارادین من و شەهید جەعفەری برام و کاک ئاوەدڵ ڕۆژبەیانی و چەتۆی کوڕی حەسەن حەیران چووین بۆ ڕاژان و جەنابی کاک عەلی عەبدوڵاڵ ئەویش لەوێ بوو، کاک ئیدریسی جوانەمەرگ زۆر غەمبار بوو بە کۆچی دوایی حەسەن حەیران و زۆر بە ڕابردووی ئەوی داگوت و زۆر دڵ نەوایی ئێمەیان دایەوەو ئەوەش یەکێک بوو لەوەی کە بەڵێ حەسەن حەیران سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەش لێی ڕازی بوون و ئینجا دەڵێم هەقە پێی بگوترێ حەسەن– ی شەهیدو پێشمەرگەو هونەرمەند.

لە ساڵی 1991لە ڕێگای قاچاغەوە لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمە پیرۆزەکەی گواستراینەوە گوندی تەلەرخێمی گەورەو حەسەن حەیران– ی شەهید گۆرستانی شەهیدی ڕێبازەکەی لە کەس و کاری هەیە کە بریتین لە شەهیدان موحەمەد سادق ڕۆژبەیانی، شەمسەدین سادق ڕۆژبەیانی، تاکسیەکمان ڕاگرتوو بە ئیشارەت و شڕە فارسیەک گەیشتینە الی ئۆتۆمبیلەکان لەبەر دەرگای گەراج سەید کاکە گوتی:

من فارسی نازانم دەبێ ئێوە لە دەرگا بدەن.

حەسەن حەیران ئەویش بەمنی گوت:

دەبێ تۆ لە دەرگا بدەی منیش هەروەک ئەوان بووم فارسیەکەم تەنها چەند وشەیەک بوو، دەمزانی لە دەرگای گەراجەکەمدا کابرا بە فارسی گوتی کی ئەست منیش هیچم بۆ نەهات گوتم:

ڕاننەدی لندروقر کابرا دەرگای کردەوە، کاک سەید کاکە کەل و پەلەکانی هێناو دووبارە گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە سەید کاکە بەمنی گوت ئەتۆ فارسی دەزانی دەبێ دیسان تاکسی ڕابگری ؟

ئیتر بە تاکسی چووین بۆ میوانخانە، شەو لە میوانخانە بووین بەیانی بەڕێ کەوتین شەو گەیشتینە سەفاهان و لەوێ ماین بەیانی دووبارە بەرەو شاری یزد بەڕێ کەوتین و بۆ ئێوارە گەیشتین بە یزد ئیمەیان گواستەوە یەزد،خۆمان ناساند بە ئستانداری یەزد پاریزگا، کاکە حەسەن حەیران و سەید کاکە بۆ بەیانی بەرەو کرمان و شارۆچکەی ماهان بەڕێ کەوتین، حەسەن حەیران لە شارۆچکەی ماهان نیشتەجێ کرا تاکو کودەتای ئیسلامی ساڵی 1979کاکە حەسەن حەیران زوو، زوو سەری لە ئێمەدا دەدا، هەزاران سااڵ لەگیانی شەهید حەسەن حەیران و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و باوکی کوردی هەمیشە زیندو بارزایی نەمرو کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ

* ئەم دیمانەیە لە ڕێکەوتی 21-2 لەگەڵ بەڕێزی سازکراوە

پانۆراما...

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا



ساپیر حوسێن

ئەوە بۆ مانگێک دەچێ برینێکی میژوویی لە جەستەی هاوڵاتیانی ئەمریکی دەکولێتەوە، ئەویش ستەمی ڕەگەزپەرستی سپی پێستەکانە دژ بە ڕەش پێستەکان، بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیانی ئەمریکی کوشتنی ئەو هاوڵاتیە ڕەش پێستە بەدەستی پۆلیسێکی سپی پێست بە سیناریۆ دەزانن، بەشێکی کەمی دیکەش ئەو ئەگەرە دوور دەخەنەوە، بەگشتی میدیاکان ڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەوە، بەڵام لەو خاڵەدا کۆکن کە ئەمەریکا ئەو ئەمەریکایە نییە کە زۆرێک خەونیان پێوە دەبینێ، ئەو ئەمەریکایە دەرنەچوو کە ئیدیعای دیموکراسییەت و مەدەنیەت و ئاشتەوایی و ڕەفاهیەتی دەکرد، بەڵکو کۆمەڵگەی ئەمریکیش هاوشێوەی وڵاتانی دیکە بە دەست پاشاگەردانی ڕەگەزپەرستیەوە دەنااڵێنێ

ئەم بابەتەش کۆکراوەی هەندی لە بیرو بۆچوونی میدیاکانی جیهانە دەربارەی ئەو پرسەی لە ئەمەریکا دەگوزەرێ



ئایا ئەوەی لە ئەمەریکا ڕووەدات بەهاری ئەورووپییە؟

مالپەڕی ئەلمانی چاپی عێراق، بەناونیشانی (ئایا ئەوەی لە ئەمەریکا ڕووەدات بەهاری ئەورووپییە ؟) بڵاویکردۆتەوە. تێیدا هاتووە کە ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە وڵایەتەکانی ئەمەریکا دەگوزەڕێن، نە دروستکراون و نە ڕێکەوتیشە، بەڵکو حەقیقەتێکی ڕەگەزپەرستییە و بە کوشتنی ئەو هاوڵاتیە ڕەش پێستە تەقییەوە، بەو مانایەی دۆخێکە لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکییدا بەرجەستەکراوە و لەوەتەی ئەمەریکا دۆزراوەتەوە هەیە و هەبووە لە ماوەی میژووی دوورودرێژی ئەمەریکاشدا ئەو جەنگانەی دژی هیندیە سوورەکانی هاوڵاتیانی ڕەسەنی ئەمەریکا ڕوون و ئاشکرایە. نووسەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە میدیای ئەمەریکا مەسەلەی یەکسانی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی وەک دروشم بانگەشەی بۆ دەکرێ، بەڵام لە واقیعدا هەوەسێکی شەڕانگێزی شاراوەی ڕەگەزپەرستی خۆی حەشارداوە. ئەم واقیعەی ئەمڕۆش بەدی دەکرێ، هەموو ئەو تیۆرانەی مامۆستایانی میژووی زانکۆکانی ئەمەریکا ڕەتدەکاتەوە کە ئەمەریکا لە سەرووی وڵاتانی جیهان دەبینن، چونکە ئەم خۆپیشاندانانە سەلیێنەری حەقیقەتێکی دیکەن کە ئەمەریکا ئەوە نییە کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەوەیە کە بە واقیعی لەسەر شانۆی ڕەگەزپەرستی جیهان بەدی دەکرێ.

پەتای ڕەگەزپەرستی و پەتای کۆرۆنا

ڕۆژنامەی ئەلریازی سعودی، بەناونیشانی (پەتای ڕەگەزپەرستی و پەتای کۆرۆنا) بابەتێکی بەراوردکاری بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ڕوونی کردۆتەوە ئەگەر کۆرۆنا مەترسیدار بێت و بێتە هۆکاری مردنی هاوڵاتیان، ئەوە دیاردەی ڕەگەزپەرستی مەترسیدارترە، چونکە تەنها کەسێک و دووان ناکۆژێ بەڵکو کۆمەڵگەیەک لە نەخشە ڕەش دەکاتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا ڕەگەزپەرستی نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵایەتییە و ڕاستەوخۆ چەمکەکانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی و خۆشەویستی لەناو دەبات و دەبێتە مایەی پەردەسەندنی تووندوتیژی لەنێوان چین و تووێژەکانی کۆمەڵگە. بۆیە وەک چۆن پەتای کۆرۆنا دژ بە هۆکارەکانی لوبنانی، بەناونیشانی (خوێندنەوەیەک بۆ فەوزای بەهاری ئەمریکی) بڵاوکردۆتەوە. لەو ڕاپۆرتە شیکارییەدا جەخت لەسەر ئالۆزبوونی زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکا کراوەتەوە ئەوەش بەهۆی کوشتنی هاوڵاتییەکی ڕەش پێست بەدەستی پۆلیسێکی سپی پێستەوە. ئەم دیاردەیەش وەک لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئاماژە پێکراوە مانگانە دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش ڕەش پێستەکانی ڕق ئەستوور کردووە و بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی تووڕەبوونی خۆیان بەدیار دەخەن. نووسەر پێی وایە کە شتێک نییە بەناوی نەژادی ئەمریکی، بەڵکو چەندین نەژادی جیهان ڕوویان کردۆتە ئەمەریکا و ئەو گەلەی لێ پێکهاتووە کە ئەمڕۆ ناوی لە خۆی ناوە گەلی ئەمریکی. ئەوەش بە دوور نازانرێ کە مەبەستی سەرەکی لەم خۆپیشاندانانە لێدانی دۆنالد ترامپ بێت کە نیازی دووبارە گرتنەوەی کورسی کۆشکی سپی لە ئەجیندای خۆی دارشتووە. وێنەکەش ئێستا لە ئەمەریکا هەمان ئەو وێنەیەیە کە لە ساڵی 2011 بەناوی فەوزای بەهاری عەرەبی بڵاوبووەوە. لەم ڕوانگەیەوە بە دوور نازانرێ کە کاروانی سیاسی ترامپ لێرەوە بکەوێتە ژێر هەڕەشەی جیدیەوە و بە دوور نازانرێ کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی گورزی کوشندەی بەرکەوێ.

لە ئەمەریکا کەمو کوڕیەکە لە کوێدایە ؟

ڕۆژنامەی ئەلریازی سعودی، بەناونیشانی (لە ئەمەریکا کەمو کوڕیەکە لە کوێدایە ؟) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە پەتای ڕەگەزپەرستی لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکی ڕیشەکێش نەکراوە، سەربارای ئەوەی ئەمەریکا ئیدیعای هۆکارەش بوو کە ئاژاوە و ناڕەزایەتی لە سی ویلایەتی ئەمریکی و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی پەرەی سەند. نووسەر بە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە ئێستا وەکو دەستە گوڵێکە لە دەستی دیموکراتییەکان بەکار دەهێنرێت. بەتاییەتی ئێستا کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان نزیک بۆتەوە و گەیشتۆتە کاتی هەستیاری خۆی و ئەگەری هەیە چارەنوسی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ چوار ساڵی دیکە دیاری بکات.

خۆێندنەوەیەک بۆ فەوزای بەهاری ئەمەریکی

مرۆڤایەتییە ئاوهاش ڕەگەزپەرستی ئافاتێکی گەورەی کۆمەڵایەتییە.

ڕووداوەکانی ئەمەریکا تیرۆری ناوخۆیە

مالپەڕی ئیلاف، بەناونیشانی (ڕووداوەکانی ئەمەریکا: تیرۆری ناوخۆیە) بڵاوکردۆتەوە. نووسەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ئاماژە بە کوشتنی ئەو هاوڵاتیە ڕەش پێستەی ئەمەریکا دەکات، کە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە گوایە پۆلیسە بکوژەکە پێشتر پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ قوربانیەکەدا هەبووە، واتە مەسەلەکە زیاتر تۆڵەسەندنەوە بووە زیاتر لەوەی ڕووبەکی چەسپاندنی یاسایی هەبێ هەر لەبەر ئەو تێیدا ڕوونی کردۆتەوە ئەگەر کۆرۆنا مەترسیدار بێت و بێتە هۆکاری مردنی هاوڵاتیان، ئەوە دیاردەی ڕەگەزپەرستی مەترسیدارترە، چونکە تەنها کەسێک و دووان ناکۆژێ بەڵکو کۆمەڵگەیەک لە نەخشە ڕەش دەکاتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا ڕەگەزپەرستی نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵایەتییە و ڕاستەوخۆ چەمکەکانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی و خۆشەویستی لەناو دەبات و دەبێتە مایەی پەردەسەندنی تووندوتیژی لەنێوان چین و تووێژەکانی کۆمەڵگە. بۆیە وەک چۆن پەتای کۆرۆنا دژ بە دیموکراسییەتی جیهانی دەکات. لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەدا نووسەر ڕوونی کردۆتەوە کە حەقیقەتی تاڵی جیاوازیکردن لە نێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکان دوای کوشتنی ئەو هاوڵاتیە ئەمریکییە زەق بۆتەوە. هەر ئەمەشە تووندوتیژی لە ویلایەتەکان بەرهەم هێناوە. ئەوەش خراوەتە ڕوو کە بڕێوی سپی پێستەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕەش پێستەکان زۆر باشترە، بە ڕادەیەک چینی مام ناوەند لە سپی پێستەکان لە ئەمەریکا خۆی لە 70% دەدات، کەچی بڕێوی مام ناوەندی ڕەش پێستەکان 40% تێپەڕ ناکات. تەنانەت لە زۆر بواری دیکەی ژیان ئەم جیاوازیە بە زەقی بەدی دەکرێ، ئەوەش هۆکاری سارد نەبوونەوەی ڕەش پێستەکانە لەو ناڕەزایەتیانەی دەری دەبڕن.

ئەمەریکا.. خەونی دواخراو!

ڕۆژنامەی ئەلجەزیرەی چاپی سعودی، بەناونیشانی (ئەمەریکا .. خەونی دواخراو !) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەڕۆکیدا ئەوە دووپاتکراوەتەوە کە ئەمەریکا بەو ڕووداوانەی تێدا گوزەر دەکەن سەلماندی کە ئەو ئەمەریکایە نییە کە زۆرێک خەونیان پێوە دەبینێ، ئەو ئەمەریکایە دەرنەچوو کە ئیدیعای دیموکراسییەت و مەدەنیەت و ئاشتەوایی و ڕەفاهیەتی دەکرد. لە وڵاتێکی وادا هاوڵاتی تەنها بەهۆی جیاوازی ڕەنگی پێستی دەکوژرێ و سزا دەدرێ، تاوانەکەیشی ئەوە نەبوو کە بەم چارەنوسە بگات. لەو ڕاپۆرتە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دیمەنی دزی و جەردەیی و تاڵان و کاولکاری ویلایەتەکانی ئەمەریکا هەمان دیمەنی بەغدا بوو کە لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن لە میدیاکانی جیهان بینران. لە کۆتاییشدا ئەوە دووپاتکراوەتەوە کە کوشتنی هاوڵاتیەک لەسەر جیاوازی ڕەنگی ئاماژەیەکی مەترسیدارە لەوەی ئەو ڤایرۆسەی بەناوی کۆرۆناوە بڵاوبۆتەوە ڤایرۆسێکی سروشتی نەبێ بەڵکو بە ئەنقەست و بە دەستکرد بڵاوکرابێتەوە.

حەقیقەتێکی ڕەگەزپەرستییە و بە کوشتنی ئەو هاوڵاتیە ڕەش پێستە تەقییەوە، بەو مانایەی دۆخێکە لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکییدا بەرجەستەکراوە و لەوەتەی ئەمەریکا دۆزراوەتەوە هەیە و هەبووە لە ماوەی میژووی دوورودرێژی ئەمەریکاشدا ئەو جەنگانەی دژی هیندیە سوورەکانی هاوڵاتیانی ڕەسەنی ئەمەریکا ڕوون و ئاشکرایە



ئەمڕۆ لە میژوودا



ساڵی 1940:

سێ وڵاتی بەلتیق: ئستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی سۆڤیەت.



ساڵی 1944:

ئایسلەندا جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆی لە دانیمارک ڕاگەیاند.



ساڵی 1967:

چین بۆ یەکەم جار بۆمبێکی هایدرۆجینی تاقی کردەوە.



ساڵی 1972:

بە تۆمەتی تێوەگلان لە وۆتەرگێیت ، 5کارمەندی کۆشکی سپی دەستگیر کران.



ساڵی 2015:

چەند تەقینەوەیەکی خۆکوژیی لە سەنعای پایتەختی یەمەن ڕوویاندا.



ساڵی 2019:

حوسنی موبارەکی سەرۆکی پێشووتری میسر کۆچی دوایی کرد.



بە دەستی خۆمان ئەمەریکامان وێران کرد!

تۆماس فریدمان :

ئا : ل.کاروباری سیاسی- بەدەستکاریپەوە

هێلکەی زێڕ

لە 9ی نۆڤەمبەری 2016، واتە بەرەبەیانی رۆژی پاش ئەنجامدانی دوایین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ولاتی ئیمە ، دەستم بە نووسینی بابەتێک کرد ، ئەو کاتە وتەیەکی لیزلی گۆلدواسری هاوڕێکەم – لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە زیمبابوێەوە رووی کردۆتە ئەمەریکا – هاتەوە یاد ، ئەو دوای چاودێریکردنی بارودۆخی سیاسی ولاتی ئیمە پێی وتم : ئێوەی ئەمەریکی وەک تۆپی پێ شەق لە ولاتەکەتان هەڵدەدەن ، بەڵام ئەمەریکا تۆپ نیە ، بەڵکو هێلکەیەکی زێڕە و دەتوانن بیشکێنن. لە وەڵامی ئەو وتەیەی هاوڕێکەمدا وتم : دوای هەڵبژاردنی دۆنالد ترامپ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ، لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە ترس دەکەم لەوەی دوور نیە ولاتەکەمان ویران بکەین و بە شێوەیەکیش بەش بەش بین کە دەرفەتی چاکبوونەوەمان نەمێنێ و ئەمەش حکومەتەکەمان لە کارکردن بوەستێنێ. باشە ئێستا تەمەنم 66ساڵە و مەترسیەکانم هاتنە دی. دڵنیا نیم لەوەی ئاخۆ دەتوانین لە مانگی نۆڤەمبەر هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام بدەین یان نا ، هەروەها دڵنیا نیم ئاخۆ دەستاوەستکردنێکی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە مانگی کانونی دووەم دەبینین یان نا .

بەختت یاوەرمان نیە

ئێمە لەوە نزیک دەبینەوە کە بخرێینە ناو شەرۆکایەتی ناوخۆیی ، بەڵام ئەم جارە بەخت یاوەرمان نیە چونکە ئەبراهام لینکۆڵن ئێستا سەرۆکی ولاتە نیە بۆ ئەوەی لە خرابترین کاتەکانماندا توانای هەبێ لە گیانی خۆی قۆڵ ببێتەوە و وتەی گونجاو بدۆزێتەوە و بڵێ : ئێمە رق و کینەمان بەرامبەر کەس نیە ، بەڵکو هێزای خێر بۆ هەموو لایەک دەخوازین، با هەوڵ بدەین کۆتایی بەو کارە بێنین کە دەستمان پێکردووە و هەموو شتێکیش بکەین کە دەبێتە مایە چەسپاندنی ئاشتی و دادوەری هەمیشەیی لە نێوانمان و لەگەڵ هەموو گەلانیشدا. لە جیاتی ئەو دۆنالد ترامپمان هەیە ، ئەو پیاوەی یەکەم کاردانەوەی بەرامبەر بە بارودخی نابەجێی وڵات بریتی بوو لە تەقاندنی گازی فرمێسکڕێژ بەسەر خۆپیشاندەران و دوورخستنەوەیان بۆ ئەوەی خۆی بە پێ رووبکاتە کلێسایەکی نزیک و بە ئینجیلێکەوە چەند وێنەیەک بچرکێنێ. ئەو بە مەبەستی ساردێژکردنی برینەکان تەنانەت سەیرێکی ئینجیلیشی نەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش پێی نەنایە ناو کلێساکە، بەڵکو ویستی ژمارەی لایەنگرانی زیاتر بکات لەنێو توێژی ئایندارە سپی پێستەکان ، تەنانەت ئینجیلەکەشی سەروژێر هەڵگرتبوو.

چی بکەین ؟

چۆن سەرکردایەتیەک بدۆزینەوە کە وەک پێویست بتوانێ بارودۆخەکان هێور بکاتەوە و یارمەتیمان بدات لانی کەم قۆناغی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2020 تێپەڕ بکەین سێ ساڵ لەمەوبەر هیوام دەخواست ئەنجومەنی پیرانی کۆمار هەنگاوێک بنێ بۆ ئەوەی سنووردێک بۆ ترامپ دابنێ ، بەڵام ئەمڕۆ تەواو تێگەیشتین لەوەی کوتلەی کۆماریەکان لە ئەنجومەنی پیران تەنیا بریتیە لە ماڵێک بۆ سیاسەتێکی پیس و نابەجێ و میچ ماکۆنێڵ و کۆماریەکانی دیکە ئامادەن لە پێناوی زیادکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە کاتی شەودا خۆشیان بەکرێ بدەن بەوانەی ئەم کارەیان بۆ بکات بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بمێننەوە و قازانجی ئابووری زیاتر بۆ بەخشە هەرە دەوڵەمەندەکانیان زامن بکەن.هەریەکە لە سارە بالین و پارتی چای و کۆمپانیاکانی خەڵوز و پیشەسازکارە پیسەکان و ئێستاش لایەنگرانی ترامپ بوونە مایەی بەهێزکردنی پێگەی کۆماریەیەکان ، بەڵام گرنگ نیە ئاخۆ کێ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگە میللیەکان ، گلۆپی سووریش بەبەردەوامی لەسەر دەرگای ژووری ئەندامانی پارتی کۆماری لە ئەنجومەنی پیران داگیرساوە.

پێگە کۆمەڵایەتیەکان

بەڵام چی دەربارەی پێگە کۆمەڵایەتیەکان لە لای خاوەن پایەکان؟ ئاخۆ ئەوان لەو زبڵ و خاشاکە ژەهراویە رزگارمان دەکەن کە لە پێگەکانیاندا هەیە ؟ بێگومان مارک زۆکەربێرگی سەرۆکی فێیسبوک ئەمە ناکات ، ئەو ئەمڕۆ بۆتە رۆبەرت مردۆکی ئەم نەوەیە و هەمیشە لە رێگەی چەند وتەیەکی نابەجێ دەربارەی ئازادی رادەربڕینەوە بیانوو بۆ بژاردە بێ سەروبەرەکانی دێنێتەوە ، مەبەستی سەرەکیش قازانجکردنی پارەی زیاترە بەبێ ئەوەی گوێ بدات بەوەی کە پێگەکەی بۆ وێرانکردنی دیموکراسیەتی ئێمە بەکار دەهێنرێ.سەیر لەوە دایە کە زانایان پێمان دەڵێن ئەوانەی هەڵگری ڤایرۆسی کورۆنا و لە ژووری داخراوەکاندا هەڵسوکەوتی نابەجێ و خراپ دەنوێنن ، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر ڤایرۆسەکە توشی ئەوانی تر دەکەن، هەروەها شارەزایانی بواری ئینتەرنێت دەڵێن : ئەوانەی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە غەڵەبەغەڵب دەکەن، لە هەموو کەس زیاتر نەخۆشیە سیاسیەکان بڵاو دەکەنەوە ، چونکە ئامانج لە دوای بەکارهێنانی فێیسبووک هاندان و خەڵاتکردنی هەڵسوکەوتی تووڕیە ، بەو پێیەی دەبێتە مایەی خولقاندنی تووڕەیی زیاتر ، بۆیە بەداخەوە زوکەربێرگ یارمەتیمان نادات

پەنا بۆ کێ ببەین؟

هێشتا بێ هیوا نەبووین ، هیواخوازم سەرکردە گەورەکانی ئەمەریکا کە ژمارەیان زۆرە ، بتوانن رێگایەک بدۆزنەوە و بۆ یەکگرتن و گفتوگۆکردن دەربارەی ساردێژکردنی برینەکان ، با ئەمە لە رێگەی بازنەیەکی کار بێ ، ئەگەرچی سەرۆک ئامادە نیە و ناتوانێ ئەمە بکات.



مانشێت



ئیندیپێندێنت:
بە تۆمەتی سیخوڕیکردن ، دادگایەکی رووسی سزای 16 ساڵ بەندکردنی بەسەر سەربازێکی پێشووی هێزی دەریایی ئەمەریکادا سەپاند.



سکای نیوز:
فرۆکەیەکی شەڕکەری ئەمەریکی لە دەریای باکوور تێکشکا و فرۆکەوانەکەش گیانی لەدەست دا.



ئۆبزێرڤەر:
دوای دووبارە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا لە چەند گەڕەکێکی پەکین، حکوومەتی چین رایگەیاند ئەم جارە مەسەلەکە زۆر مەترسیدارە.



ئەی ئێف پی:
سوپای کۆریای باکوور ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازی لە دژی کۆریای باشوور.



ئیلاف:
پۆلیسی ئەڵمانیا چەندین بەرپرسی پارتی سیاسی راستڕەوی خستە ژێر چاودێری.



ڕۆیتەرز:
سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دووپاتی کردەوە کە لەوانەیە لە مانگی تەموز ولاتەکەی بە یەکجاری یەکێتی ئەورووپا بەجێ بێڵێ.

بە ژمارە ..

کورۆنا و کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی ..

ئا: هەندرین شێرزاد

هاوشێوەی زۆربەی سێکتەرەکانی دیکەی ژیان، کەرتی فرۆکەوانی و گواستنەوەی ئاسمانی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو تەنگژە تونديە ڤایرۆسی کورۆنا خولقاندی و تا ئێستاش درێژەی هەیە ، بە گوێرەی زانیاریەکان ئەو سێکتەرە زیانێکی زۆر گەورەی بەر کەوتووە و یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ گواستنەوەی ئاسمانی IATA لە دوایین راپۆرتدا پێشبینی کردووە کە کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی لە ساڵی 2020زیاتر لە 84.3 ملیار دۆلار زەرەر بکەن و داهاتەکانیش بە رێژەی 50% دابەزن ، واتە بۆ 419 ملیار دۆلار دابەزن ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2019دا کە 838ملیار دۆلار بووە.

چەند ژمارەیەکی دیکە

هاوکات لەگەڵ داخستنی سنوورە نێودەوڵەتیەکانی ولاتان بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کورۆنا ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2019 گەشتی ئاسمانی لەسەر ئاستی جیهان بە رێژەی 95% دابەزی.

ئەگەرچی ئێستا چەند ئاماژەیەک هەن بۆ ئەوەی جولەی ئاسمانی خەریکە ورده ورده دەست پێدەکاتەوە بەڵام پێشبینی دەکرێ ئاستەکانی جموجۆڵی ئاسمانی لە ساڵی 2020 بە رێژەی 54.7%دابەزێ ، هەروەها رێژەی سەرنشینانیش بۆ 2.25 ملیار کەس دابەزێ.

ئەمەریکای باکوور

ئاستی داواکردن بە رێژەی 52.6% دابەزیوە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 35.2% کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 21.1 ملیار دۆلار.

ئاسیا و باسیفیک

ئاستی داواکردن بە رێژەی 53.8% کەمی کردووە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 39.2% کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 29 ملیار دۆلار.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئاستی داواکردن بە رێژەی 56.1%کەمی کردووە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 46.1%کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 4.8ملیار دۆلار.

ئەمەریکای لاتین

ئاستی داواکردن بە رێژەی 57.4%کەمی کردووە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 43.3%کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 4ملیار دۆلار.

ئەفریقیا

ئاستی داواکردن بە رێژەی 58.5%کەمی کردووە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 50.4%کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 2 ملیار دۆلار.

جیهان

ئاستی داواکردن بە رێژەی 54.7%کەمی کردووە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 40.4%کەمی کردووە.

کۆی زیانەکان 84.3ملیار دۆلار.

ئاستی داواکردن بە رێژەی 56.4% دابەزیوە.

ژمارەی سەرنشینان بە رێژەی 42.9% کەمی کردووە.

کۆی زیانەکانی ئەو کەرتە 23.1 ملیار دۆلارە.

ئەورووپا

بۆ پەرەپێدانی کەرتەکە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە بۆردی باڵای گەشتوگوزار هەیە

نادر روستی

هەموومان گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوەی داهاتی جۆراوجۆرهەیە ناکرێ تەنیا پشت بە یەک سەرچاوە ببەستێت، ئەمەش رەنگی داوەتەوە لە کارنامەی حکوومەت و لە بەرنامە دایەکە هاوشان لەگەڵ سەرچاوەی وزە و داهاتە ناوخۆییەکان، گرنگی بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار بدات.

لە 11ی حوزەیران حکوومەتی هەرێم بۆردی پەرەپێدانی کشتوکاڵی پێکهێنا، کۆبوونەوەی یەکەمی بۆردەکە بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سازکرا، لە کۆبوونەوەکەدا باسی کێشە و گرفتەکانی ئێستای کشتوکاڵ و پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی کشتوکاڵ کرا.

هەرچی کەرتی گەشتوگوزارە، تاکو ئێستا لە بەرنامەی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا وەک وشە ناوی لە ناو کارنامەکدا هاتووە، لە رووی کرداری و مەیدانی بەشێوەی فەرمی هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە و باس نەکراوە، بەڵکو یەکێکە لە کەرتە هەرە سەرەکییە فەرامۆش کراوەکان، بەڵام لە راستیدا یەکەم کەرت بوو، کە پلانی ستراتیژی خۆی تاکو ساڵی 2025دارشت و لەسەر ئاستی دەستەی گشتی گەشتوگوزار کاری زۆری بۆ کراوە، بەڵام لەسەر ئاستی باڵا، یاخود حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئاماژەمان پێدا لە فەرامۆشی دایە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی قایرۆسی کۆرۆنا زۆرترین زیان بەر کەرتی گەشتوگوزار کەوتووە، بەڵام هیچ بیرکردنەوەیەکی شیاویش بۆ دەربازکردنی کەرتەکە لەم قەیران و زیانەی تێیکەوتووە نییە، کەچی لە زۆربەی وڵاتان حکوومەتەکان سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکن بۆ دەربازکردنی کەرتی گەشتیاری و نزیکردنەوەی لە جوڵەی دۆخی ئاسای پیش هاتنی قایرۆسەکە، بۆ ئەمەش هەر وڵاتە و ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی هەڵبژاردووە. (لەم لاپەڕەیە ڕاپۆرتێک لەم بارەوە هەیە).

لە ژێر ڕۆشنایی کارنامەی حکوومەت و گرنگی کەرتەکە وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی داهات، پێویستە کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆردێکی باڵای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروست بکرێت و ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆکی حکوومەت یان جێگرەکەی و بە بەشداری لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەت کاری جدی بۆ چارسەری کێشەکانی بکرێت و هەنگاو بۆ پەرەپێدانی بنرێت و لە سەر زەوی کردار ڕەنگ بداتەوە.



ئەوەی لە شانەدەر دۆزرایەوە گومان دەکرێ لە ئەشکەوتی سێدەریش بدۆزرێتەوە







سۆران ئەمیر، بەڕێوەبەری بنکەی شوێنەوارەی مێرگەسۆر

ئا- مسلم دۆلەمەری

زۆرن ئەو شوێنانەی کەخاوەن میژوویەکی کۆنی مرۆڤایەتین و تاکو ئێستا چ لەرووی میژوویی، یان لەرووی کردنیان بە شوێنی گەشتیاریەوە کاریان لەسەر نەکراوە، لە سنوری قەزای مێرگەسور چەندین شوێنەواری میژووی گرنگ هەن، کە تاکو ئێستا کاریان لەسەر نەکراوە، لەوانە ئەشکەوتی سێدەر کە ئەشکەوتێکی میژووی گرنگە و هەلکەوتەی باش وگونجاویشی بۆ بەگەشتیاری کردن هەیە، بۆزیاتر ئاشنابوون بەم ئەشکەوتە، سۆران ئەمیر بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسور بەم شێوەیە بۆخەبات دووا.

سەرەتا گوتی: سێدەرئەشکەوتێکی سروشتی سەرنج راکێشە، کە دەکەوێتە باشووری ئەشکەوتی شانەدەر لەسنوری قەزای مێرگەسور، نزیکەی دە کیلۆمەتر لەسەنتەری قەزاکە دوورە، هەروەها سێ کیلۆمەتر لە ئەشکەوتی شانەدەر دوورە، هەروەها ئێستا ئێمە لەقۆناخی سەرەتایی داین بۆ ناساندنی ئەم ئەشکەوتە، لەنێو لیستی شوێنەوارەکانی سنوری خۆمان تۆمار کردووە، بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە هێناوە، کە تاکو ئێستاش خاوەن مەڕومالاتەکان بەکاری دەهێنن، ئەگەر تەماشای هەڵکەوتە و دەرگاکانی ئەشکەوتەکە بکەین، پێدەچێت لەسەردەمی مرۆڤی نیاندرتال، وەک ئەشکەوتی شانەدەر سوود لەم ئەشکەوتەش بۆ تێدا ژیان وەرگیرابێت، چونکە دەرگایەکی بەرامبەر ئەشکەوتی شانەدەرە و لێشی نزیکە، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و میژووی لەم ئەشکەوتەش بکرێت.

سەبارەت بەلایەنی گەشتوگوزاری گوتی: ئەشکەوتی سێدەر زۆر سەرنج راکێشە بەتایبەتی لەرووی ناوەوەی دیمەنێکی جوانی هەیە، بەتایبەتی هەرسێ دەرگاکەی شتێکی جوان و سەرنج راکێشە، بۆیە داواکارم لەلایەنی پەیوەندار، کە بیخەنە نێو کاری داهاتوویان، بۆئەوەی ئەم ئەشکەوتەش بێتە ناساندن و بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری، لە ڕووی میژوویشەوە لێکۆڵینەوەی جدی بۆبکرێت بۆئەوەی بەفەرمی بێتە ناساندن.

سەبارەت بەکارکردن بۆ ناساندن وگەیاندنی ڕێگا بۆئەشکەوتەکە، گوتی: وەکو گوتم تەنا توانیمانە ناوی لە لیستی شوێنەوارەکان تۆماربکەین، لە ئایندەیەکی نزیکدا لەگەل لایەنی پەیوەندداردا هەولی بۆدەدەین، بۆ گەیاندنی ڕێگا بۆ ئەشکەوتەکە بۆئەوەی گەشتیارانمان بتوانن سەردانی بکەن و بە ئەشکەوتەکە ئاشنابن.

لەکۆتایدا گوتی : لەقۆناغی ئایندەدا تیمێکی زانکۆی کامبرێجی بەریتانی بەروویێوی پانزە کیلۆمەتر لەدەوروبەری شانەدەر، روویێوی شوێنەکان دەکەن، ئەم ئەشکەوتەش سێ کیلۆمەتر لێی دوورە کە دلنیاین کاری باشی بۆدەکەن و لێکۆڵینەوەی باش لەسەری دەکەن.


وڵاتانی ئەورووپا سنووردارەکانیان بەڕووی گەشتیاران دەکەنەوە



بولگاریا، نەمسا، چیک، سلۆڤاکیا، لاتیفیا. هەندێک وڵاتیش لە ژێر مەترسی قایرۆسەکە دان و لە داهاتوو بڕیاری خۆیان دەدەن. هەریەک لە ئیسپانیا و پرتوگالیش لە سەرتای مانگی تەمووز سنووردارەکانیان دەکەنەوە. دورگەی بالیار پیشوازی لە 11 هەزار ئەڵمانی دەکات، وەک هەنگاوێکی سەرەتای و ئامادەکاری بۆ ئاسای بوونەوەی وەرزی گەشتیاری هاوین. ژمارەیەک لە وڵاتانیش بە شێوەی دیاریکراو و سنووردار پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن، واتە ڕێگا بە ژمارەی زۆر نادەن، هەروەها گەشتیاری هەموو شوێنێک ڕێگا پێ نادەن بچێتە وڵاتیان، وەک دانیمارک کە تەنیا ڕێگە بە گەشتیاری ئەڵمانی و نەرویجی و ئایسلەندی دەدات.

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار

کیللینی: وەرزێکی دیکەش یاری دەکەم



جۆرجیۆ کیللینی، کاپتنی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتالی، ئایندەی خۆی لەگەڵ خانمە پیرەکە دیاریی کرد و ئاماژەی بە پێکانەکەشی کرد. کیللینی، لە میانی لێدوانێکی لە پەخشی راستەوخۆی تۆڕی کۆمەلایەتی ئینستاگرامدا گوتی: وا بزانم ئەگەر ئەو پێکانە دە ساڵ پێش ئێستا رووی دابا، نەمدەتوانی بە ئاسانی قبوڵی بکەم. هەروەها گوتی: لە تەمەنی 35ساڵیدا و لەگەڵ ئەو هەموو ئەزموونەی پەیدام کردووە، دەتوانم لەوە بگەم، بە تێپەڕبوونی کات دەتوانم پێکانەکەم تێی پەڕێنم. گوتیشی: لە رووی هزریشەوە باشتر بوومە، چونکە کە بچووک بووم، وزەیەکی زۆرم بە هۆی تووڕەییەوە خەرج دەکرد. کیللینی لە بارەی یاریکرن لە خولی ئیتالیا گوتی: لە تەمەنی 19 ساڵییەوە لە خولی ئیتالیا یاری دەکەم، لە سەرەتادا زۆر بایەخم بە خوێندن نەدەدا و زیاتر خۆم بە شتی دیکە سەرقاڵ دەکرد، بەڵام دواتر بیرم لەوە کردەوە خوێندنەکەم تەواو بکەم، ئەوەبوو بە چوار ساڵ توانیم بڕوانامەی ماستەر لە بەڕێوەبردنی کارەکان بەدەست بێنم. جۆرجیۆ لە بارەی ئایندەی خۆی لەگەڵ خانمە پیرەکە گوتی: وەزرێکی دیکەش یاری دەکەم، پاشان بزانم هەست بە چی دەکەم و قاچەکانم دەتوانن بەرگە بگرن، لەوانەیە لە هاوینی داهاتوودا خانەنشین بم، یان وەزرێکی دیکەش بمێنمەوە. هەروەها گوتی: دەمەوێت لە جیهانی تۆپی پێدا بەردەوام بم، لەوانەیە ببمە کارگێڕ، بەڵام کەس نازانێت ژیان چی بۆ پەنا داوە. لە کۆتاییدا گوتی: هیوادارم بتوانم لە یۆرۆی داهاتوودا یاری بکەم، بۆ ئەوەی یارمەتی یاریزانە بەهرەمەندەکانی هەڵبژاردەی ئیتالیا بدەم.

ڕەمزی میرەکانی

چێڵسی لە هەوڵی بەدەستهێنانی کریستیانۆدایە

خەبات: سوڵێمان

پێگەی کالچۆ مێرکاتۆی ئیتالی بڵاوێکردۆتەوە کە یانەی چێڵسی ئینگیلزی دەیەوێت کریستیانۆ رۆنالدۆ ئەستێرەی پورتوگالی بتهێنێتە ریزی یانەکە بۆ ئەو مەبەستەش ئۆفەرێکی 120ملیۆن یۆرۆی ئامادە کردووە تا بتوانێت کریستیانۆ رۆنالدو هێرشبەری یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی بگوازنەوە یانەی چێڵسی ئینگلیزی ، هەروەها گرێبەستی کریستیانۆ لەگەڵ یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی لەساڵی 2022کۆتایی پێدێت ، کریستیانۆی تەمەن 35 ساڵ لەساڵی 2018 لە یانەی ریاڵ مەدریدەوە چووە ریزی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی، یانەی چێڵسی ئینگلیزی لە پرۆژە نوێیەکەیاندا بۆئەوەی بتوانن لە پێشبرکێ و نازناوەکان بەبەنەوە جارێکیتر هەر بۆیەش گرێبەست کردن لەگەڵ کریستیانۆ رۆنالدۆ بۆ یانەکە بووەتە شتێکی سەرەکی .

لەبەر پەتای کۆرۆنا

کاسیاس لە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی توپی پێی ئیسپانیا دەکشێتەوە

لە هەواڵێکی لەناکاودا ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی پێشووی یانەی ریال مەدرید و پۆرتۆ و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بڕیاریدا خۆی نەپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی کردنی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا .

ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە کاسیاس خۆی ئامادەکردبوو کە بچێتە نێورکابەرییەکانی خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکەوە وازی لەم هەنگاوە هێناوە، ڕۆژنامەکان باسیان لەوەکرد کە ئەو بارودۆخەی ئێستا جیهان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پێی تیدەپەڕێت، وای لەو گۆڵچییە کرد کە پەشیمان ببێتەوە و پێی وابووە کە دونیا بەو ڤایرۆسەوە سەرقاڵە و پێویست بەو پرۆستەی ناکات.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک دەنگۆ هەیە کە گوایە کاسیاس دڵنیا نییە لەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی پێویست بهێنێت و بتوانێت لو رۆیبالیسی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بباتەوە.




چارەنووسی ئەلکانترا دیار نییە

ڕۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی ڕوونی کردەوە کە سوپرایزێکی گەورە بۆ دوارۆژی تیاگۆ ئەلکانترای ئەستێرەی هێڵی ناوەراستی یانەی بایرن میونشن لەئارادایە.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی باسکرد کە وێڕای ئەوەی یانەی باڤاری بڕندی هەریەک لەمزلەر و نوێر و دیڤیزی تازەکردۆتەوە، بەڵام پێدەچێت کێشە لە بڕندی هەریەک لە ئەلکانترا و دیڤید ئالابا هەبێت، چونکە ئەو دوو یاریزانە لەلایەم ڕاهێنەرەکەیانەوە جێی بایەخ نییە و وەک پێویست یارییان پێناکات، بەتایبەتی ئەلکانترا کە بیر لەوە دەکاتەوە یانەکەی جێبهێڵێت، و بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکەش سوپرلیزێکی گەورە چاوەڕوانی دەکات.



پیرێز بەجیا لەگەڵ زێدان و ڕامۆس کۆدەبێتەوە



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی باسی لە پێشخستنێکی تازەی لەبارەی داهاتووی زێدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید و سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی ئەو یانەیە دەکات و هەندێ لە وردەکاری بڵاودەکاتەوە.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەکەوە پیرێزی سەرۆک لەگەڵ هەردووکیان کۆبۆتەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەنێوانیان ئەنجامدراوە و پیرێز داوای لەهەردووکیان کردووە کە ڕابەرایەتی یانەکە بکەن لەم بارودۆخەدا و ڕەچاوی بنەما دورکەوتنەوەکان پەیڕەو بکەن، سەبارەت بە گرێبەستەکانیش داوای لە ڕامۆس کردووە ئارام بگریت و تا پێش کۆتایی وەرز باس لە گرێبەستەکەی نەکات، لەولاشەوە پیرێز داوای لە زێدان کردووە نازناوی لالیگا بەدەست بهینیت تا ریال مەدرید بەبەهێزی خۆی بۆ بازاڕی گواستنەوە ئامادەبکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.17. Jun. 2020 No: (5955)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



قەیرانی ئاو

کتێبی (قەیرانی ئاو.. شەڕێک لەبەر دەرگامان) بە قەبارەیەکی گەورە و 264 لاپەڕەیی لە نووسینی د. ئەیوب سابیر گەلاڵی کەوتە بەردەستی خوێنەران. کتێبەکە لە چەند بەشێک پێکهاتووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم/ کێشەی ئاو لە سەدەی داهاتوودا، بەشی دووەم/ ئاو و دانیشتوان، بەشی سێیەم/ ئاسایشی ئاو وەک بەشێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی، بەشی چوارەم/ هەرێمی کوردستان و دۆخی ئاو، بەشی پێنجەم/ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی:" هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی دیفاکتۆ لە ناوچەکەدا، فاکتەرێکی ئێجگار گرنگە و دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ تلە پاراستنی ئاسایشی ئاو، ئەویش لەبەر ئەوەی کە جیۆپۆلۆتیکی کوردستان کەوتۆتە نێوان هەر دوو وڵاتی سەرچاوە بە ئاو ئەوانیش تورکیا و ئێرانە کە وادەکات کوردستان ببێتە ئەمباریکی گرنگی گلدانەوەی ئاو، بێگومان ئەوەش بە داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی گشتگیر دەبێت لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا نەوەی داهاتوومان لەو شەڕەی کە لەبەر دەرگامانە، کە بێگومان (شەڕی ئاو)ـە بتوانن خۆیان لەسەر پێ ڕابگرن و بەرەنگاری ببنەوە".


شایانی باسە، 78لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە، بۆ پاشکۆ تەرخان کراوە، زانیاری لەبارەی بەندەوەکان بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ تێدایە.

هونەرمەند عەلی کەریم:

لە درامای ژاڵە زۆر ناسرام، تائێستاش پێمدەڵێن (جوامێر ئاغا)

دیانە: پەریها عومەر

هونەرمەند عەلی کەریم لە دایکبووی شاری کەرکووکە هەرلەوێش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای تەواوکردووە، لە منااڵییەوە زۆر چووە بۆ سینەما بۆ بینینی فیلمە کابۆی و مێژوویییەکان، زۆر جاریش لە گەڕەک لەگەڵ هاوڕێکانی لاسایی پاڵەوانی فیلمەکانی کردۆتەوە سەرەتایی کاری هونەریی دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی ساڵانی شەستەکان،بەاڵم بەشێوەیەکی بەردەوام لە ساڵی (1971) بەشداریکردووە.



هەروەها لەم شانۆیانەدا ڕۆڵی هەبووە: لە شانۆی (کچە لاڵەکە) دواتر لەشانۆی (تەقینەوە) کە لە ئامادەکردنی خۆی بووە، لە فیستیڤاڵی هونەری یەکەمی کوردی لە بەغدا بەشداریکردووەو خەاڵتی باشترین ئەکتەرو باشترین دەقی فیستیڤاڵەکەی بەدەستهێناوە.

ڕۆڵی بینیوە وەکو ئەکتەر لەم شانۆیانەدا بەردەوام بووە لە کاری شانۆیی، بەشداریکردووە لە دەیان شانۆگەری وەکو: (دکتۆر پاڵمی)و (دوو ڕەگ) و (مانگی ئاوابوو) و (سزاو تاوان)و (دیفز دیفز)و (گۆڕستانێکی بێ گۆڕ)، هەروەها لەبواری درامادا فیلمسازیدا لەم درامایانە ڕۆڵی هەبووە، مەرگی ئەرخەوان فرمێسکی ڕەشمەملەکەتی خۆز. گەمەی پرگوناه و. سااڵوی گوڵەکانی پاییزگەردەلول و ژیلەمۆ ڕابوون و دانیشتوانی عەلیاوە. بازاڕی کۆنەفرۆشانگوڵچین وخەیاڵەکانی ڕۆستەمیوسف ناگەڕێتەوە.

لەوەاڵمی پرسیاری چ خوێندنەوەیەکیان هەیەبۆ ئێستای هونەری درامای کوردی بۆ (خەبات) گوتی: ئێستای درامای کوردی وەکو پێویست نییە بەهۆی نەبوونی پلانێکی دروست، درامای کوردی توانای خۆ دروستکردنی نییە، ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی تریشەوە درامادۆبااڵژکراوەکان جێی خۆیان کردۆتەوە لە دڵی بینەر، ئەوەشی زوو کرا چەند بەرهەمێکی پوخت بوو، جێی ڕەزامەندی بینەر بوون وەکو (گەردەلوول و ژیلەمۆ و ڕابوون و دوا برای یاقوب و یوسف ناگەڕێتەوە و ژاڵەو گۆاڵە) بوو.

لەبارەی دەستبەکاربوونی کاری هونەری گوتی:

من لە شانۆ دەستم پێکردووە، توانیم لەم بوارەدا بگەمە ڕیزی پێشەوەی ئەم هونەرە زۆر کاریگەرە، بەاڵم ئێستا زیاترحەزم بەکاری دراماو فیلمە زیاتر لەو بوارەدا هەست ئەکەم سەرکەوتووم، هەم زیاتر شارەزاییم تیا پەیداکردووە، بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا

هەروەها باس لەو کارانەی دەکات کە بەجەماوەرەکەی ناساندووە:

من هەرلە سەرەتای دەسپێکردنمەوە ناسراوم ئەویش لەبەرئەوەی کاری یەکەمم بە ناوی (درامای مەرەزە) بوو کەسێکی شەڕانگێز بووم بۆیە هەر زوو ناسرام، بەاڵم دوایی لە (درامای ژاڵە)دا زۆر زۆر ناسرام تائێستاش پێم ئەڵێن (جوامێر ئاغا) دواتریش لە درامادا فیلمەکانی تریش هەر ناوبانگم بە ناوی کارەکتەرەکانەوە ناوزەد ئەکرا، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ.

کاکە ڕەشادی هونەرمەند لە تاقیکردنەوەی کۆرۆنا دەربازی بوو



سابیر حوسێن

کاکە ڕەشاد، کە ماوەی نزیکەی 25 ساڵە لە وڵاتی سوید دەژی، کەسایەتییەکی ڕۆژ سووک و هونەرمەندێکی بە توانای شاری هەولێرە، ئەو هونەرمەندە لەم ماوەیەدا لە سوید تووشی پەتای کۆرۆنا بوو، خۆش بەختانە هەر بە سەلیقە و وەرەی بەرزو بەهێزی خۆی توانی خۆی لێ دەرباز بکات و بگەڕێتەوە سەر کاری سروشتی خۆی لە سوید. ڕەشاد لەو تاقیکردنەوەیەش دەربازی بوو، لەگەڵ سەختی ئەو ڤایرۆسەش کاکە ڕەشاد لە قسەی خۆش و خەندە خستنە سەر لێوی هاوڕێیانی دڕێغی نەکرد، بەڵکو بەو حاڵەیشی ئەو هانی هاوڕێیانی دەدا تاوەکو خۆیان بپارێزن و دنیا بە ڕەنگە جوانەکانیەوە ببینن. هونەرمەندی ناوبراو کە خودان توانایەکی سەرسوڕهێنەرە لە بواری مەنەلۆج و کۆمیدیا، وردە سکاڵایەکی ڕەخنە ئامێزی لە عەقلیەتی هەندێک کەس گرتووە، کە بەسوکی تەماشای کەسایەتی کۆمیدی دەکەن، ئێمەش حەزمان کرد وەکو خۆی بابەتەکە بخەینە بەر دیدی خوێنەرانمان:

خانمانی کورد چۆن لە کەسایەتی پیاوە کۆمیدیاکان دەڕوانن...؟!

خانمان لە پیاوان زیاتر حەز بە بوونی کەسایەتیە هونەرییە کۆمیدییەکان دەکەن، بەاڵم زۆرینەیان بەهۆی دابونەریت و تانە و تەشەرەی کۆمەاڵگەوە، حەز ناکەن شوو بە هونەرمەندێکی کومیدی بکەن.... دەکرێت پیاوانیش بەهەمان شێوە، ئامادە نەبن هاوسەرو خۆشەویستی دواڕۆژیان خانمێکی بواری کۆمیدیا بێت، بەاڵم بەداخەوە ڕێژە گەورەکە زیاتر لەناو کچان و ژناندا بەدی دەکرێت، خانمان زۆر زیاتر لە پیاوان چێژ لە بوونی بەرهەمی کارەکتەرە کۆمیدیەکان دەبینن، تا پیاوێک بەڕۆڵێکی کۆمیدیەوە پێ دەکەنێت، دەیان خانم ئەیدەن لەقاقا، کەسایەتی پیاوە کۆمیدیەکان لای خانمانی کورد هیچ عەیب وعارێکیان نیە، بەاڵم کاتێ کارەکتەری پیاوی کۆمیدی ئەبێت بە دێوانەو خوازبێنی خەون و خەیاڵی دواڕۆژی دەکات، ئەوکات بەداخەوە کەسایەتییە کۆمیدیەکە لە ترۆپکی لوتکەوە لای خانمی خوازبێنیلێکراو بەبێ سێ و دوو ئەبێت بەکەسێکی فاشیل !!...

زۆرینەی خانمانی کورد وێنای خۆشەویست و پیاوی دواڕۆژیان بەمەرجێکە، ئەویش بە حیسابی خۆیان دەبێت کەسێکی گران و سەنگین بێت، بەواتایەکی تر مرۆمۆچ و کەمدو بێت، لەناو شایی و هەڵپەڕکێدا بەهێمنی جولە بکات و هیچ خەندەو پێکەنینێکی بەسەر لێویەوە نەبێت . بە کورتی و کوردیەکەی کەسێکی تابڵێیت تر زل بێت، ئەوانەو چەندین پێناسەی تر لای زۆرینەی خانمانی کورد پێی دەگوترێت پیاوێکی گران و سەنگین. لە نیوەی ڕێگای ژیانی هاوسەرێتیشیاندا پاش دروستبوونی چەند منداڵێک، ژنی دووەمی بەسەردا دەهێنندرێت و ژیان بۆی بەجارێ دەبێت بە ژەهری مار، بەاڵم ئەوەی لە هەموی سەیرترە هەموان لەکاتی ناخۆشیەکاندا پەنا بۆ لای کارەکتەرە کۆمیدیەکان دەبەنەوەو، لەپێناو ئارامکردنەوەی دەرونی شەکەتیان جارێکیتر سەیری بەرهەمی کەسایەتیە هونەرییەکان دەکەنەوە، لەکاتێکدا پێشتر بێویژدانانە بە فاشیل هەژماریان کردبوون، ئێدی ئەوەی لە ناخی ئازارەکانی ئەم چیرۆکەم ناگات حەواڵەی خودێ بێت!

